چەلەبی، کە جگە لە مانای **ئاوازچڕ**، بەچەندان مانای تری وەک: نەجیب زادە، ئاغا، خاوەن تەلار، شاعیر و خوێندەوار، پیشکەوتوو، مەزن، بەڕێز، بەڕەوشت، جوان پۆش و... هتد، مانای لێکدەداتەوە و پێی وایە ئەم واژەیە، لە سەدەی چواردەیەمی زایینیدا، تورکانی سەلجوقی، لە کوردیان وەرگرتووە و کوردیش لە «ئارامی»یەکانیان وەرگرتووە(٥٨، ٤٨٠-٤٨١).

بەڵێ ئەوشەوە، ئاوازژەنانی یەزیدی، شمشاڵ دەژەنن و دەف لێدەدەن. گەورە و بچووک و ژن و پیاوی یەزیدیش، بە هەر چوارلای گۆڕستانەکەی شێخ محەممەد حەنیفەدا، تا بەرەبەیان، کە ڕۆژ گزنگ دەدات، دەسووڕێنەوە.

**باشیک** لەو ڕۆژەدا پڕ دەبێ لە ژنان و کچان کە هەموویان بەرگی سپی بێگەرد دەپۆشن، بەملوانکەی موورو و زنجیری زیو خۆیان دەڕازێننەوە. لەوێدا سەرداری شێخان و هاودەمەکانی و ڕیش سپی و گەورە پیاوانی یەزیدی، بەناویاندا دین و دەچن، پرشنگی کامەرانی لە دەموچاوی هەموویان دەبارێ، لێرەدا گرەوی گۆڤەندەکە، دەست پێدەکات، ئەوانەی «یەزیدی»ش نەبن، دەتوانن لەم بەزمەدا بەشدار بن، بەڵام لە یەزیدییەکانی **باشیک** بەولاوە، نابێ کەسی تر، گرەوەکە بباتەوە. ئەوسا هەرکەسێ گرەوەکەی بردەوە، کە بریتییە لە بەخشینی پارەیەکی هەرەزۆر، لەوێدا مافی هەیە دەستی بۆ هەر کچێک کێشا، لەگەڵ ئەو کچەدا، هەڵپەڕکێ و سەما بکات، کچەکەش ناتوانێ لەمەدا بێ دڵیی بکات، لە دواییدا پارەکە بە **زێوان** «مجێور»ی گۆڕەکە دەدرێ.

گرنگترین کاری ئەم ئاهەنگە، ئەوەیە کە: ڕەشبەڵەک بکرێ. یەزیدییەکان زۆر حەز لە هەڵپەڕکێ دەکەن، بەتایبەتی کچەکانیان. ئەم ڕەشبەڵەکەش هەر قەواڵ «چەلەبی»یەکان بەڕێوەی دەبەن و **دەهۆڵ** و **سوورنا**یان بۆ لێ دەدەن.

یەزیدییەکان یەکجار دڵیان بەم هەڵپەڕکێیانە دەکرێتەوە. زۆریش تیایاندا شارەزان. ئەوەندە هەڵدەپەڕن، لە پەلوپۆ دەکەون.

یەزیدییەکان لەم ئاهەنگەدا، نان و چێشتێکی زۆر و ناوازە پێشکەش میوانەکانیان دەکەن. ئەم ئاهەنگە، لە حەوت گۆڕستانی پیاوچاکی تریاندا دەگێڕن. کە لەم حەوت جێگایەن: **بازان، شێخان، جەروانە، دۆغان، باعەدرە، خەتارە.**

**لە شەنگار**یشدا، ئاهەنگی گۆڕی **شێخ شرف الدین** لە هەموویان گرنگترە. هۆزەکانی **جوانا** و **خورکان** و زۆریش لە موسڵمانەکان تیایدا بەشدار دەبن، ئەوانیش بەچەشنی **شێخان**، کاروباری ئاهەنگەکە بەڕێوەدەبەن.





زەماوەندێکی ناوچەی شێخان



زەماوەندێکی دەڤەری قایباریا



زەماوەندێکی شەنگار



زەماوەندێکی ناوچەی شێخان



سەیر ئەوەیە لەم هەموو ئاهەنگە چڕوپڕانەدا، تا ئێستا ئاژاوە و پشێوییەک ڕووی نەداوە و هیچ کارەساتێکی ناخۆش و نەنگ نەقەوماوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، زۆرجاری وا هەیە یەزیدییەکان، ئەم ئاهەنگانە دەکەن بەهۆیەک بۆ ئاشتبوونەوەی دوژمنان و بەستنەوەی دۆستایەتی و برایەتی(١٠٢، ٧٦).

**گۆرانی** و **مۆسیقای یەزیدی**، بەجۆرێک کاری لەسەر کوردناسێکی وەک لییارد[١] کردووە، کە لەلاپەڕە **٢٩٤**ی بەرگی یەکەمی کتێبی نەینەوا و کەلاوەکانیدا، بەسەرسوڕمانەوە بنووسێ: ئاوازەکانیان کە لەسەر گۆڕی **شێخ هادی** «شێخ عدی» بەشکۆ و خەمەوە بوو، لە هەموو تەمەنی خۆمدا ئاوازی وام نەبیستبوو. کە تا ئەو ئاستە خەم ئامێز و لە هەمان کاتیشدا دڵنشین بێت(٥٩، ٣٠٢).

... دێمەوە سەرباسی ئامێری **تەموور** و دەڵێم: خاتوو دکتۆر شەهرزاد قاسم، کە لێکۆڵەرەوەیەکی مۆسیقایی و عەرەب نەژادە و دوای ڕەنج و تەقەللایەکی زانستییانە، لەم ساڵانەی دواییدا، کتێبێکی تایبەتی لەسەر بنەچە و جوگرافیا و مێژووی ئەم ئامێرە نووسیوە، بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنێ کە لە کۆنترین ڕۆژگاری مێژووەوە، ئەم ئامێرە تایبەت بووە بە کورد و بەناوچەکانی کوردنشین و لە ناوچەکانی عەرەبنشیندا، شوێنەواری بەکارهێنانی نییە. بۆیە بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ: « لە کاتی گەڕان و سۆراخ کردنە مەیدانییەکانماندا، لە هەندێ ئامێرساز و ئامێرژەنی عەرەبمان پرسی: «هۆی دروست نەکردن و بەکار نەهێنانی ئەو ئامێرە: **تەنبوور** چییە؟ پێیان دەوتین: تەنبوور، زمانی کوردی خۆش دەوێ». مەبەستیش لەو قسەیە، ئەمەیە کە **تەنبوور** زیاتر لەگەڵ دەنگ و ئاوازی کوردیدا دەسازێ(٦٤، ١٠٠-١١٠).

هەر ئەم نووسەرە، جوگرافیای ناوچەکانی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە، بەمجۆرە لە ڕۆژگاری ئێستادا دەسنیشان دەکات: سەرومڕی کیشوەری ئاسیا، هەر لە ژاپۆنەوە، تا چین و هیند و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست و تورکیا. لە ئەوروپاش، وڵاتی بەلقان و کەناری زەریای سپی ناوەڕاست، تا دەگاتەوە بە ئیسپانیا و پاشان هەردوو ئەمەریکاش(٦٤، ١٠٠-١١٠). بەڵام واژەی **تەنبوور** «تەموور»، لە هەندێ لەو ناوچە و وڵاتانەی لە سەرەوە ناومان هێنان، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، یان بەناوی ترەوە هاتووە، وەک ئەوەی عەرەب پێی دەڵێن **طنبور**. چینیش پێی دەڵێن **تەنبولا**، یۆنان پێی دەڵێن **تام پوراس** و لە ڕووسیاش پێی دەڵێن **دومرا**. جۆری تری ئەم ئامێرە، لە هیندستان و تورکیا، بە **سێ تار**

(١) لییارد: تا ساڵی ١٨٨٠ز - گەورە بالوێزی ئینگلستان بووە لە ئەستەموڵ.



چەند جۆرێک لە تەموورەی: خۆراسانی، کوردی، تورکی، ئەفغانی

برەوی پەیداکردووە و لە چینیش بە **سێ تار**ەکەی دەڵێن **سێ مەرە**.

لە «ئینسکلوپیدیای بەریتانی: Groves Dictionary of Music»دا، وا نووسراوە کە بەهۆی هەمەجۆر بەکارهێنانی واژەی **تەنبوور**ەوە، لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا بەناوی وەک: (پاندۆرا: Pandora و پاندۆلا: Pandola و ماندۆرا: Mandora و ماندۆلا: Man-dola و ماندۆلین: Mandoline) ناونراوە و وەک ئامێرێکی خۆرهەڵاتییانەش باس دەکرێ کە لە بنەچەی عوود بێت و دەسکێکی درێژ و کاسەیەکی بچکۆلە و ژێیەک، یان دوو ژێی هەبێ و بەنینۆک بژەندرێ، بەتایبەتیش مەبەستیان لەو جۆرەیان بووە کە لە ئێران و سوریا و کوردستاندا هەبووە و لە ڕێگەی تورکیاوە بە یۆنان و ئەوروپا گەیشتووە. (٤٠، ١٣١)

عوود و تەنبوور و ئەو ئامێرانەی لەمان دەچن، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەیشتنە ئەوروپا و لەلایەن ئاوازسازان و چەنگ ژەنان و غەزەل خوانانی فەرەنسایی و ئەڵمانییەوە، بەکارهێنران. (٤٠، ٦٥-١٣١)





تەموورژەنێکی سەردەمی ئاشووری

بەڵام کۆنترین شوێنەواری تەنبوور، لە بەردە هەڵکۆڵراوەکانی ئاشووردا، ئامێرێک لە شێوەی **سێ تار**دا، بینراوەتەوە کە کاسەیەکی بچووک و دەسکێکی درێژی هەیە؛ هەرچەندە ناتوانرێ ژمارەی ژێیەکانی دیاری بکرێ(٤٠، ٥٤-٦٦).

بەگوێرەی ئەوەی لە کتێبی ئەهلی هەق دایە، هونەری مۆسیقا، لە دێرزەمانەوە لەناو پەیڕەوانی ئەم ئایینەدا برەوی هەبووە. لە نامەی سەرئەنجام «سروودی یارسان»دا، وا هاتووە: «ئەو کاتەی خوا ویستی ئادەم، یان مشیە بخوڵقێنێ، ڕۆح بەبەر ئادەمدا نەچوو، بۆیە دوای (٤٠) چل ڕۆژ، «خوا» بە«بنیامین»ی سەر دەستەی فریشتەکانی فرماندا، کە «گیان» بەبەر ئادەمدا بکات. بنیامینیش ئاوازی «ڕاست»ی بۆ گیان «ڕۆح» ژەند و بەو جۆرە ڕۆح چووە جەستەی ئادەمەوە(٣٨، ١٥١).

ئەم چیرۆکە، شا نیعمەتوڵلا جەیحون ئابادی موکری-یش دەیگێڕێتەوە، کە یەکێکە لە ڕابەرانی یارسانی دەستەی **شا هەیاسی** و لە سەدەی سیازدەی کۆچیدا ژیاوە. دەربارەی **ڕۆح** بەبەرداکردنی **ئادەم** و گێڕانەوەی چۆنێتی خوڵقاندنی **ئادەم**، ئاماژە دەکات و دەڵێت: چونکە جەستەی گڵینەی **ئادەم** ڕۆحی تیا نەبوو، فریشتەکانی **حەوتەوانە** «ناوی ئەستێرەن» تکایان لە خوا کرد، کە ڕۆح بەبەریدا بکات. **خواش** فرمانی پێدان، کە ڕۆح بەبەریدا

بکەن. بەڵام ڕۆح ڕازی نەبوو بچێتە ئەو جەستە گڵێنەوە، ناچار فریشتەکان گەڕانەوە خزمەت خوا و تکایان لێکرد چارەیەک بدۆزێتەوە، ئەویش فەرمووی: بچن مۆسیقا بژەنن تا ڕۆح، ڕووی خۆش نیشان بدات و بچێتە جەستەی ئادەمەوە. فریشتەکان ڕۆیشتن و **مۆسیقا**یان بۆ ڕۆح ژەند[1]. ڕۆحیش دەستبەجێ چووە جەستەی ئادەمەوە.

ئادەمیش دەستی بەسوپاس و ستایشی خواکرد. کە پوختەی سوپاس و ستایشەکەی لەم پارچە شیعرە (١٠) بڕگەییە دایە:(٣٨، ١٥١)

نکردی نزول یاران در آن قفس
چنان بود بی جان و هم بی نفس
دگر باره یاران به عجز و نیاز
بلا به بگفتند ای کار ساز
کشیدیم زحمت بسی روز و شب
که تا لطف حق ساخت بر ما سبب
به میل و به هنگ هر دو را کو فتیم
در آن حوض با هم بیامیختیم
نباشد اگر امر خداوندگار
کجا روح در جسم گیرد قرار
زحق خواستند چارەکار را
شود سهل آن کار دشوار را
ز پس کرد و إیزد به هفتن نظر
بگفتا به ایشان: به قلب بشر
روید و نوازید ساز و طرب
بخوانید از شوق توسیف رب
به نظم حقانی، به بانگ بلند
کنید زمزمه زان تن ارجمند

(١) پەیڕەوانی ئەهلی هەق دەڵێن: مەقامی (تەرز)یان بەئامێری (تەموورە) بۆ ژەندووە،(٤٩، ١١)



همین بشنود روح آن بانگ ساز
شود مست وزیر آید اواز فراز
بیاید در آن، خانه سوی شما
شود بیخود از عطر بوی شما
چون آن روح تابدر آن جسم و جان
بشر زنده گردد شود حمد خوان

لە کتێبی دەورەی حەوتەوانەشدا، کە بەشێکە لە نامەی سەرئەنجام، وا هاتووە گوایە پەیامبەرێکی ئاریایی[1] کە سیمای یەکێک لە حەوتەوانەی هەبووە، لە سەردەمی پاشایەکی زاڵمدا، دەرکەوتووە و خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی خوا بانگ کردووە. بەڵام خەڵک موعجیزەیان لێ داوا کردووە، ئەویش ئامێرێکی مۆسیقایی دروستکردووە، کە حەوت ئاوازی لێداوە و بەهۆی ئەو ئاوازانەوە، پۆل پۆل خەڵکی بەپیریەوە چوون و ئایینەکەیان پەسەند کردووە. پاشاش کە بەمەی زانیووە، فرمانی دەرکردووە، ئەو پەیامبەرە بگرن، بەڵام کاتێ دەست و پێوەندانی شا، چوون بۆ گرتن و کوشتنی ئەو پەیامبەرە و گوێیان لە ئاوازەکانی بووە، ئایینەکەیان قبوڵ کردووە. ئیتر پاشاش کە هەست دەکات جەماوەر و لەشکرەکەیشی دەچنە سەر ئایینی ئەو پەیامبەرە، ناچار ئەویش چاوی لەوان کردووە. ئەم ئامێرە مۆسیقاییە، ناوی ئەسلەحەی سازژەن «چەکی سازژەن» بووە:

بواندی داستان، **ئەسلەحەی «سازژەن»**
هەر کەپەی وێتان مەکەردەن پێوەن(٣٧، ٦٩)

وا بڵاوە، شا خۆشینی لوڕستانی و یارانیشی، بەدەنگی خۆش و مۆسیقا ژەندنەوە زیکریان کردووە(٤٧، ٣٢). چونکە لە کتێبی شاە خۆشیندا وا نیشاندراوە، کە شاە خوشین لە سەردەمی لاویدا، شیعری دوو بەیتی نووسیوە و لە جەمخانەدا، بە مۆسیقاوە بۆ یاران و پیڕەوانی خوێندووە، ئەوانیش بەزیکر و خۆشییەوە، سروودەکانیان بۆ سەندۆتەوە.

جگە لەمەش هەر پەیڕەوانی **ئەهلی هەق** لە گەرمەی کۆڕی زیکر و شۆر و خرۆشانیاندا، بەئاوازی تەنبور و سروود خوێندن، ڕۆحی خرۆش و ئاڵۆز و شڵەژاویان، ئارام دەکەنەوە(٣٨، ١٥٣).

**سوڵتان ئیسحاقی** بەرزنجەییش، هەر خۆی تەنبوورژەن و سروود خۆێنیش بووە و لە

(١) ئاخۆ ئەم پەیامبەرە – زەرتوشت – نەبووبێ!؟

جەمخانەدا، بەئاوازی تەنبور و سروودی بە کوڵ و دڵنشین، خۆی گەشە و پرشەی بەکۆڕەکە داوە و شەقڵێکی تایبەتی بە **جەمخانە** بەخشیوە.

**عابدینی** جافیش کە یەکێکە لە یاران و پێڕەوانی سوڵتان ئیسحاق، سەر دەستەی تیپی تەنبوورژەنان بووە و لە تەنبوورژەندندا شارەزایی و بەهرەیەکی زۆی هەبووە، چونکە پیرناری هەورامی، لە سیمای عابدین جاف و ئەحمەد هەورامی، «کە ئەمیش هەر تەنبور ژەن بووە» ، سیمای جووتە مۆسیقازانی بەناوبانگی سەردەمی ساسانی، **باربەد** و **نەکیسا** چواندوون و وتویەتی:

**نەکیسا: ئەحمەد،** باربەد: عابدین
ها فەرهاد، **داوود** شاپوور، پیرموسێن(٣٨، ١٥٣)

**قاسد**یش، کە شاعیرێکی سەدەی سیازدەی هیجری و سەر بەم ڕێبازگەیەیە، لە شیعرەکانیدا ئاماژە بە **سەما**یەک دەکات کە بەهۆی ئاوازی مۆسیقاوە بەرپا دەبێت و دەڵێت: لەو ڕۆژەدا کە ئەو سەمایەی تێدا دەکرێ، سەرتاسەری جیهان، دەبێتە چراخان و هەرچی غوڵامان و فریشتەیە، دەچنە دەشت و چیا، چونکە سوڵتان «شا، یار، خوا» ، لەو ڕۆژەدا، بەنیازی بیستنی ئاوازی مۆسیقاوە، ئامادە دەبێت و لەم ئاهەنگەدا بەشدار دەبێ و گوێ لە ئاوازی مۆسیقا دەگرێ، هەر خۆیشی ئاوازێک دەژەنێ. کە ئەم ئاوازەی «سوڵتان» ، لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دێتە خوارەوە، مشیە «ئادەم»یش خۆی، دێتە سەما و عەشق و شۆر و خرۆشێک پەیدا دەبێ:

مەبۆ چراخان... مەبۆ چراخان
سەراسەر جیهان مەبۆ چراخان
گەردی غوڵامان، ملون نەداغان
ئەورۆ شا، مەبۆ پەرێ شایلۆغان
یاران شام مەبۆ... یاران شام مەبۆ
چەنی غوڵامان یاران، شا-م مەبۆ
شا-م پەری بەزم و پەی ئەحشام مەبۆ
نەوای شام پەی پەی سوب و شام مەبۆ
نەوایێ مەیۆ... نەوایێ مەیۆ
جە ئاسمانەوە نەوایێ مەبۆ



مشیەش هەر مشۆ، هەوایێ مەیۆ
دەم دەم ئەو هەوا، سەوایێ مەیۆ(٣٨- ١٥٤)

شاعیرانی سەر بەم ئایینە و بە تایبەتیش ئەو چەند شاعیرە گەورەیەی بە شێوەی گۆران شیعریان نووسیوە، هەموویان لە شیعرەکانیاندا بەوردی باسی گرنگیی **مۆسیقا** دەکەن، کە سەییدیاقوب «سەی یاقووی ماهیدەشتی - ١٨١٣ز - ١٨٨٣ز ؟»ی شاعیری ناودار، یەکێکە لەو شاعیرانە و لەم شیعرەیدا، کە بە نموونە دەینووسین، ئاوا باسی ئەو مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژانەی سەردەمی خۆی دەکات کە ناوەکانیان دەخەینە کەوانەوە

زاهید! حەرامەن، زاهید! حەرامەن
زاهید! زندەگی وە تۆ حەرامەن
نە شۆرت وە سەر، نەپات وە دامەن
نە هەرگیز مەجلس عشقت مەقامەن
مەسجدنشینی، دوور لە باسانی
بێ خەوەر ژە ئێش مەزەی خاسانی
تەماشای ئەبرۆی خەم نە کەردەنی
ژەو خەمە، قامەت چەم نەکەردەنی
سەیر نەکەردەنی گۆنای گوڵناری
ئاگانیت ژە سۆز دەرد دڵداری
ژە ڕای دەرد عشق گومڕاهیت نیەن
**سراحی** وە دەس **«سراحی»**ت نیەن
«ئەمین»ت نەدیەن وە تارشەوە
«ئازار» و ئاهەنگ قەتار شەوە
«سلێمان» وەو سۆز کەمانچەشەوە
زیرەش مەوەرۆ دڵ وە غەشەوە
پەنجەی «سەی مامێ» ، تریکەی تەمور
نەغمەش دڵ مەکەی وە لانەی زەنبور

نالەی موتربان نەکەردەنی گۆش
مەردەی یەک ڕۆژە بکەی فەرامۆش
خوسوس چەقوانەی ڕەقس «ڕەزایی»
نە ڕەقس فارسی، ڕەقس کەذایی(٢٨، ٢)

ئەم پێوەندی و عەشق و ئاوێتە بوونەی **ئەهلی هەق** و **مۆسیقا**، سیمایەکی وای داونەتێ، بێ سێ و دوو بڵێین: دید و فەلسەفەی ئەم ئایینە، بۆ مرۆڤ، بۆ گەردوون، بۆ کردگار، لەوە دایە کە هەوێنی هەموو ئەوانە، لە مۆسیقادا دەبینێ.

مۆسیقا، لای ئەهلی هەق، هەوێنی هەموو گیانلەبەران و بێ گیانێکە. هەوێنی ڕۆحە، خۆراک و هەناسەی ڕۆحە. ڕۆح بەبێ مۆسیقا، مات و بێ جووڵە و گۆشەگیرە.

مۆسیقا، لای ئەهلی هەق، تاقانە سروودی ڕۆح و بزوێنەری هەستی مرۆڤانەی مرۆڤە، بەرامبەر بەچارەنووسی خۆی. مرۆڤ، لە هەموو ڕاز و سکاڵا و سوپاس و داد و گازندەکانیدا، مۆسیقا دەکات بەسروود و پەیامی نێوان خۆی و کردگار. هەر بۆیەش لە کاتی ناشتنی هەر یەکێک لە پێڕەوانی ئەهلی حەق دا، تا شۆڕی دەکەنەوە بۆ ناو گۆڕەکەی، مۆسیقا «تەموورە»ی بۆ دەژەنن.

بە کورتی «سروودی یارسان»ی مۆسیقا ئامێزی ئەهلی هەق، بنەمای ژیانە، هەموو ژیانە! لەبەرئەوە «تەموورە فێربوون» و «تەموورەژەندن»، وەک ئەرکێکی پێویست و فرمانێکی ئایینی، لە ئەستۆی هەموو پێڕەوانی ئەهلی هەق بە گشتی و لە ئەستۆی چینی سادات و پیرانی هەق دایە بەتایبەتی؛ کە هەموو فێری ببن.(٤٩، ١١)

وەک دەردەکەوێ پەیڕەوکارانی ئەهلی هەق، بەدرێژایی مێژوو، لەبەر هێرش و شاڵاوی بەردەوامدا بووبن. بۆیە لە دێرزەمانیشەوە ناوەندە سەرەکی و مەڵبەندە پیرۆزەکانیان لە ناوچە سەختەکانی هەورامان و زاگرۆس دا دامەزراندووە و نهێنی و یاسا و دابونەریتی ئایینەکەیان لای سەرلەبەری پەیڕەوکارانی خۆیشیان نادرکێنن. بەڵکو پەیڕەوکارانی خۆیان پۆلێن و دەستەبەندیی کردووە و بۆ هەر پۆل و دەستەیەکیش ڕابەری تایبەتییان بۆ دیاری کردوون[٢] کە دیسان ئەم ڕابەرانەش سەرلەبەری پرۆگرامەکانی ئایینەکەیان لەلا باس نەکراوە. لەبەرئەوە ئەمانیش هەرلای ئەم کۆمەڵ و دەستانە، نهێنی و پرۆگرامەکانی ئایینەکەیان دەدرکێنن... کە ئەم نەریتە لە مۆسیقاکەشیاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەر بەمجۆرە

(٢) لەبەرئەمەیە کە ئەهلی هەق تەنیا ڕابەرێکیان نییە.



پەیڕەو دەکرێ. واتە: ئەو ئاماری ئاهەنگ و ئاوازانەی تایبەتن بە سروودەکانی ئەهلی هەق «سروودی یارسان»، ئەمانیشیان پۆلێن و چەپک چەپک کردووە و هەر چەپکێکیان بۆ مامۆستا و تەموورژەنانی ئەو دەستانە دیاری کردووە.

بەم پێیە هەر یەکێک لەم دەستانە، چەپکێک ئاوازی بۆ سروودەکانی «یارسان» لای خۆی پارێزگاریی کردووە؛ کە وەک لە جەنابی «سەیید قاسمی ئەفزەلی- یەکێک لە دوو گەورە ڕابەرانی ئەهلی هەق»م بیست و پێشتریش باسکرا؛ ئەم ئاوازانە، (٧٢) ئاوازن و...[٣] دواتر بە هاوکاری و یارمەتی و تەقەللای دڵسۆزانەی کاکە فەرهادی عەزیزی و هاوڕێیانی کرماشان و لوڕستان، توانیمان «ناوی» سەرلەبەری ئەو ئاوازانە، لەناو تێکڕای پەیڕەوکارانی ئەهلی هەق دا کۆبکەینەوە...[٤] کە ئەمە ناوی ئەو (٧٢) ئاوازەیە:

یار دیدەکانی؛ (٧) مەقامە:

١- یاردیدەکانی ئەویاری.
٢- یاردیدەکانی چ وەشەن یار مەیۆ گیان.
٣- یاردیدەکانی بنیامین پیرە.
٤- یاردیدەکانی هەوەشەن هەوەش.
٥- یاردیدەکانی کیەڵ عەینم باقی.
٦- یاردیدەکانی ڕەژیان دالاهۆ.
٧- یاردیدەکانی یار تەمر یارە[٥].

قەرەچۆپی؛ (٧) مەقامە»:

٨/١- لاو هەی لاوگیان لاو هەی لاو. ٩/٢- لاو کەرت نەمر و گیان خاوکەرت نەمر و لاو هەی لاو. ١٠/٣- تەنە میری تەنە جوانەمیری و میری و هاهامیر و میری. ١١/٤- بابا ناعوسی زم و زەمە و زەماوەن مەکریا چ عەرش نقرنە دەس بەرەو زەماوەنێ کاوەم کاوەم ئەز مەڕەژێنە. ١٢/٥- گیان گیان شایادگار تۆ شای شاهانی، مراد و مەتڵە و یاران دایانی. ١٣/٦- بەڵێ هاها ئا. ١٤/٧- گیان هەی هەی دوس.

(٣) سەیید قاسم پێمی وت کە هەڵبژاردنی ژمارەی (٧٢)، ئاماژەیە بۆ هەر (٧٢) فەسڵەکەی (یەسنا).
(٤) بەڵام تۆمارکردنی (٧٢) ئاوازەکە، لەسەر نەوار، کارێکی درێژخایان و پشوو درێژ و هەرەوەزی تری دەویست، چونکە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ئەو ئاوازانە، لەو جوگرافیا بەرینەدا، ماوەیەکی زۆری دەبرد. بۆیە ئەمیانم بۆ دەرفەتێکی تر هێشتەوە. تا بەهاوکاری و یارمەتی شارەزایانی زانستی مۆسیقا، ئەم کارە ئەنجام بدرێت.
(٥) ناوێکی تری حەزرەتی سوڵتان ئیسحاقە.

١٥- تاڵە سواران.
١٦- خاس بژەنە.
١٧- هەی لامێ لامێ.
١٨- هەی ئیمانم یار.
١٩- هەی دەیار دەیار.
٢٠- گیان خواجای غولامان.
٢١- هەی چل تەن چڵانە.
٢٢- چل تەن چلانان.
٢٣- جەم نیان دووسان ئەویانە.
٢٤- هەقەن هەقەن.
٢٥- هەق و هەق.
٢٦- یار داود هەق داود گیان.
٢٧- هەق داود گیان داود.
٢٨- جەم وە چل تەنە داود.
٢٩- داود نە کورەی کەوسەر وەردەن ئاو.
٣٠- گیان سەیید مامەد بەرەو دیوانێ، یار نازش ڕەوا بوو پەی یارسانێ.
٣١- هەروا بووگە و هەروا دەبێ.
٣٢- دەس ویت ویڵە یووت وەنەوشە.
٣٣- سەر تەرز.
٣٤- مەجنوونی.
٣٥- دۆ واڵە «دوو باڵا».
٣٦- ساروخانی.[٦]
٣٧- غەریبی.
٣٨- شێخ ئەسیری «گۆشەی سەحەری».

(٦) نۆتی مۆسیقایی ئەم ئاوازە، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.



٣٩- خامۆشی «سێ نەزم»: ١- گیان هەی. ٢- هاها هی. ٣- وەیاری وە دەم.
٤٠- تەرز یاری.
٤١- تەرز ڕۆسەم.
٤٢- گڵەوەدەرە «گڵەوە خاک».
٤٣- قەتار[٧].
٤٤- هیجرانی.
٤٥- باریە.
٤٦- هەق چلانە هەس.
٤٧- هەق هەق هو هو هو هەی ئاقای جانم.
٤٨- یاران وەباتن وەش دەنگێ مەیۆ.
٤٩- حەق و حەق و حەق یاری.
٥٠- عەلی عەلی عەلی مەولام عەلی عەلی عەلی.
٥١- عەلی عەلی هو هو مەولام عەلی هو.
٥٢- هو هو مەولا هو هو هو مەلاهو. دەسم وەدامێن پیربنیامین بوو.
٥٣- عابدینە.
٥٤- پێشرەوی «گۆشەی سەحەری».
٥٥- جلەوشاهی «یاسوار سوار»[٨].
٥٦- شا خوەشینی.
٥٧- دەردەم ئەزیار «شا خوەشینی».
٥٨- هەی گیان «بە دوو شێوە».
٥٩- هەی گیان «بە دوو شێوە».
٦٠-فانی فانی.
٦١- ئاقا یار داود سەن سەن یار داود.
٦٢- یاردیدەکانی بنیامین سازەن پیرموسی سیمەن، داود ئاوازەن.

(٧)، (٨) نۆتی مۆسیقایی ئەم چەند ئاوازە، لە پاشکۆی ئەم کتێبەدایە.

٦٣- سا عێلی ساعێلی مەکە عالّەم دی زانی بانگم دەکە.

٦٤- سولّتان دینە یا عەلی  یا عەلی.

٦٥- یاردیدەکانی شا مەیۆ شامەیۆ.

٦٦- هەی ئیمانم یار هەی ڕەنگینم یار.

٦٧- هەی دیدەکانی یاران ئەی جەمێ، نیان وە شادی شا کەرەمێ، شاشییەن وەرە و قۆڵەگا.

٦٨- یاشا سەد ئامان مروەت ئەلئەمان دەردم دەواکەر حەکیم زامان.

٦٩- عالی گورز وێش ها وەدەسەوە.

٧٠- خواجای غولاّمان یاعەلی یاعەلی یار داود ئامان شاعەلی شاعەلی.

٧١- جەم جەم شایە بەرزە مل. خوەشین خۆدایە بەرزە مل.

٧٢- دەی سبۆ دەی سبۆ ئاها ئاگیان کالاّ چەمێ مێردانێ دەی سبۆ دەی سبۆ هەنی عازیزم یار(٩).

***

بەلاّم ئەو پێوەندی و ئاکارە دێرینەیەی ئەهلی هەق و مۆسیقا «سروودی یارسان» ، ئەگەر شوێن پێ هەڵگر و میراتگری پێوەندی زەرتوشت و موسیقا «سروودی گاثا» نەبێ، کە لە هەردوو ئایینەکەدا مۆسیقا دەبێتە هەوێن، بۆ دەربڕینی ڕازەکانی ڕۆح، بەرامبەر سرووشت و کردگار؛ ئەوا دەشێ بڵێین: پردێکی فەلسەفیانە، لەنێوان زۆر لایەنی ئەم دوو ئایینەدا هەبێ؛ کە دیارە ئێمە لایەنی تێگەیشتنی هەردوو ئایینەکەمان بۆ مۆسیقا مەبەستە؛ واتە: دیدی سروودی یارسان و سروودی گاثا «گاتا» ، بۆ مۆسیقا. بۆیە بۆ زیاتر توند بەستنەوەی ئەم پردە مۆسیقاییەی نێوان سروودی یارسان و سروودی گاثا ، بەڵگە و پشتیوانی تریش دەخەینە پاڵ پتەوتر کردنی پێوەندی نێوان ئەم دوو ئایینە ، کە بریتییە لە پێوەندی مێژوویی نێوان ئەم دوو ئایینە ، چونکە پەیڕەوانی ئایینی ئەهلی هەق، دەڵێن بە شێوەیەک لە شێوەکان، یان بەواتەیەکی تر پێوەندییەکی مێژوویی «بەلاّم کەمێک تەماوی» ، لەنێوان ئەم ئایینە و ئایینی زەرتوشت دا هەیە و چۆن! ؟

(٩) لە کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانەدا جەنابی (ئیرەجی خادمی) یارمەتی زۆری داوین، کە ناوبراو نەوەی (دەروێش قولی کرندی)یە و شارەزایەکی لێهاتووی مۆسیقای ئەهلی هەقە و دانیشتووی شاری کرماشان و مامۆستای تەموورژەندی (کەیخەسرەو پوور نادری)ی و مامۆستای تەموورژەنانی تیپی مۆسیقای (شەمس)ە، کە مۆسیقا بۆ هونەرمەندی کورد: شەهرامی نازری دەژەنن.



دەفتەرەکانی ئەهلی هەق، زۆر بە پیرۆزیی و بەڕێزەوە، باسی ئایینی زەرتوشت دەکەن و شیعریان لەو بارەیەوە، لە چەندان نمونە زیاتر تێدایە. وەک ئەوەی کە زەرتوشت لەگەڵ یارانیدا دەیەوێ بچێ بۆ شاری **بەلّخ** و لەرێگا تووشی ڕووبارێکی قووڵ دەبن و لەو ڕێیەش زیاتر، بواری تریان نییە. بۆیە زەرتوشت خۆی دەچێتە ناو ڕووبارەکەوە و هەردوو لاقی، بۆ یارانی دەکات بەپرد، تا لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە، ئیتر ئەو ڕۆژەی ئەو کۆمەڵە، بەبێوەی لەو ڕووبارە پەڕیونەتەوە، لای ئەهلی هەق، هەموو ساڵێ یادی دەکەنەوە و جەژنی بۆ دەگێڕن.

«ئاتەشکەدە»ش کە ڕەمزێکی پیرۆزی «زەرتوشت»ە، لای «ئەهلی هەق»یش هەر پیرۆزە:

ئەو ئاتەشخانە ..........................
بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە
زەرتوشتش کیاست پەرێ فەرمانە
بەر گوزیدەکەش کەرد، نە ڕووی زەمانە(١٠٧، ٢٤٩)

هەر لەپاڵ ئاتەشکەدە دا، بۆن و بەرامەی کڵپەی ئاگر، لە ماڵ و جەمخانە و جیهانیشدا، بەپیرۆز و پێویست دەزانن، بۆ ڕووناک کردنەوەی هەموو شتێک:

ئاتەش زەرووەن .......................................
گڕا گڕ گڕان، ئاتەش زەرورەن
سۆزانی جیهان، تەجەللی نوورەن
ڕۆشنی زوڵمات وە قوبەی نوورەن(١٠٧، ٢٥٠)

پیرۆزیی ئاگریش، بە گوێرەی دەفتەرەکانی ئەهلی هەق، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە زەرتوشت کاتێ مناڵ بوو، جەردە دزییان و بردیان خستیانە گڕی ئاگرەوە و تا سێ ڕۆژ لە ئاگردا مایەوە، کاتێ دۆزرایەوە، سەیریان کرد لەناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا نووستووە، چونکە ڕۆحی زەرتوشت، ڕۆحی هەق بووە. «سوڵتان ئیسحاق»یش کە حەوتەوانە لە کوڕەکانی خۆی پێک دەهێنێ، لەژێر **ساجی ئاگردا** یەک دەگرن و فرمانی سەرسپاردن و دەست پێوەگرتنی بەسەردا دان. هەروەها **یادگار** شاش، کە تەمەنی سێ ڕۆژ بوو، سوڵتان فرمانی بەداوود دا، تا بیخەنە کوورەی ئاگرەوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، سەری کوورەکە بنرێتەوە. دوای سێ ڕۆژە، سوڵتان خۆی چووە سەر کوورە و یادگار هەڵسایە سەرپێ و

سەلامی لە سوڵتان کرد. کە ئەم یادگارەش، ئەو باوە یادگارەیە، کە لای ئەهلی هەق یەکجار مەزنە(١٠٧، ٢٥٢).

ئەو سێ ڕۆژووگرتنەش، کە لای «زەرتوشتی»یەکان بووە، تا ئێستاش لای پەیڕەوانی ئەهلی هەق هەر سێ ڕۆژ، ڕۆژوو دەگرن. کە دەکەوێتە چلەی زستانی وەرزی کوردییەوە... و لە چواردەی مانگدا دەست پێدەکا و ئێوارەی هەڤدە، ڕۆژووەکە دوایی دێت.

ئەم بۆنەیەش، لەو سێ ڕۆژەوە کراوە بەنەریت، کە زەرتوشت بەمناڵیی، سێ ڕۆژ لە ئاگردا مایەوە و نەسووتا و لەو سێ ڕۆژەدا، دایک و باوکی زەرتوشت، هیچیان نەخوارد(١٠٧، ٢٥٤). هەر لەو سێ ڕۆژەشدا **زەرتوشت**، بەشیری **مانگا**یەک پارێزگاری کرا، کە خوا، ئەو **مانگایەی** هەر بۆ ئەو مەبەستە ناردبوو، بۆیە لای پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت و لای ئەهلی هەقیش، **گا** پیرۆزە و سیمای **خوا** و **گەورە** و **سەرداری** تیا دەبینن. کە ئەم سروودەی ئەهلی هەق، لەو چەندان نموونانەیە:

پیـــرە ڕەنگینە ..............................
ئەز چەنی تۆمــــا ، پیـــــرە ڕەنگینە
چەنی خـــالق بێـــچـــوون تۆ پێـــوە نینە
ســـاتۆ بۆ گـــاوم وە گـــاو یاریی‌یەوە بووینە(١٠٧، ٢٥٤)

... جگە لەمانەش، تەنانەت مامۆستا محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، پێی وایە کە سوڵتان ئیسحاق «سوهاک»ی ڕابەری ئەهلی هەق، هەر ئیستیاکی دوا ئیمپراتۆری مادەکان بێت(٩٧، ٢٨)، کە شوێن سێبەری هەڵکەوتنی زەرتوشت بووە.

جگە لەمانەش ئێمە، پێشتر وتمان کە دەفتەرەکانی ئەهلی هەق، واتە سروودی یارسان بەشێوەی کوردی «گۆران»ە، کە مانای واژەی «گۆران»یش بەمجۆرە لێک دەدرێتەوە:

نووسەری ناسراوی ئێرانی: دکتۆر ئیبراهیم پورداوود، کە بەچەند کتێبی زانستی، دەست پێشکەریی زیرەکانەی لە لێکدانەوە و توێژینەوەی ئایینی زەرتوشتدا، هەیە. لە پێشەکی یەکێک لەو کتێبانەیدا، بەناوی فرهنگ بهدینان، سەبارەت بەوشەی **گەور**، دەڵێ: لە وشەی **کافری** عەرەبییەوە هاتووە و بەواتای زەرتوشتیی نائیسلام بەکارهێنراوە و وردە وردە لەبەر قورسیی وشەی **کافر** بووە بە **گەور**، چونکە واژەی **گەبر** و **گەبرەک** و **گەبرەکی** لە شیعری فارسیدا، بەواتای ئایینی زەرتوشتی هاتووە. بۆ وێنە فیردەوسی دەڵێ:

بفـــرمـــان یزدان چو این گـــفـــتـــه شـــد
نیـــایش همــــانکه پذیرفــــتـــه شـــد



بپـــرید ســـیـــمـــرغ و بر شـــد بابر،
همی حلقـــه زد بر ســـر مـــرد گـــبـــر
ز کـــــوه اندر آمـــــد چو ابر بهــــار
گـــــرفـــــتـــــه تن زال را در کنار...

هەر فیردەوسی لە جێگەیەکی تردا دەڵێ:

کـــه مـــا را نیـــاید کـــه شـــاپور شـــاه
نصـــیـــبین بگیـــرد بیـــارد ســـپـــاه
کـــه دین مـــســـیـــحـــا ندارد درست
ره گـــــبـــــرگی ورزد و زنده است

(٣١، ١٦ مقدمه)

هەروەها محەمەد ئەمین هەورامانی، لە هەر دوو کتێبی کاکەیی و فەرهەنگی ئێریان ڤاچ و دیسانەوەش لە گۆڤاری مامۆستای کورددا، بەمجۆرە لە بارەی ئەم وشەیەوە دواوە:

... وشەی **گەور** لە سەرەتاوە، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا، بەو کەسە دەوترا کە بەنائیسلامیی دەمایەوە و سەرانەی دەدا و بەئیسلام نەدەبوو. پاش ئەوەی کە سەرپاکی کوردستان هاتە سەر ئایینی ئیسلام، پارسانییەکان - کە سان ئیسحاق نوێکەرەوەیەتی - و هەندێ خەڵکی ناوچەی هەورامان، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی هەوراماندا، لەسەر ئایینی زەرتوشت مابوونەوە، بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەش کە دەنگی «ب» و دەنگی «و» جێگۆڕکێ دەکەن. بۆیە وشەی **گەور** بەرەو **گۆر** ڕۆیشت و کۆیەکەشی بوو بە**گۆران** و ئەمەش هەمیشە بەو خەڵکە دەوترا، کە لە ناوچە شاخاوییە دوورە دەستەکانی هەورامان دەژیان و بەڕواڵەت ئیسلام بوون و لە دڵ و دەرووندا، یان **کاکەیی** «پارسانی»، یان زەرتوشتی بوون و هەروەها بەزەرتوشتیەکانی دیکەی ناکوردیش. ئەم **ناو - زاراوەیە** بەمجۆرە بەکار دەهێنرا. تا دەوروبەری سەدەی پێنجی هیجری و یاخود تەواو ئیسلام بوونی خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامان و ئەوجا بەو جۆرە دینی کاکەیی و زەرتوشتی لە ناوچەکانی هەوراماندا بەرەو کزبوون و بەرەو نەمان چوون و تا هەندێ ناوچەی بچکۆلەی دیکەی لێ دەرچێ، سەرپاکی خەڵکەکە دینی ئیسلامی وەرگرت و ئیتر دووبەرەکی پەرەی سەند و **گەور** یاخود **گەوران**، کە ببوو بە**گۆران**، زۆر کورتی هێنا و خزایە ناوچەی تایبەتییەوە، کە ئەو جێگە تایبەتیانە، بەرەبەرە کران بەمەڵبەندی ئایینی **گۆران**(٤٥، ١٧-١٨).

لەم مەڵبەندەشدا، هەر سروودێ، یا هەر ئاوازێ، ئەگەر لە چوارچێوەی شیعردا بوایە و لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، ستایشی ئایینی ئیسلامی نەکردایە، وتنی ڕەوا نەبوو، یاخود ڕێگەی لێ دەگیرا. بەتایبەتیش کە لەم مەڵبەندانەدا ئامێری مۆسیقا تەنبووریان لەگەڵ سۆزی ئایینیدا بەکارهێناوە، کە **مۆسیقا**ش لە ئایینی ئیسلامدا **حەرام** کرابوو، بۆیە بەو کارەی «گۆرانە»کانیان وتووە: **گەبرانی**، یاخود **گەورانی** و **گۆرانی** و ئەم زاراوانەش پاش بەسەربردنی تەمەنێکی درێژخایەن، سوان و وەک ئەوەی ئەمڕۆی لێهات، کە پێی دەوترێ: **گۆرانی**.

هەر لەم بوارەدا، چەندان بازرگان و گەشتوەری ئەوروپایی، کە لە سەدەکانی شازدە و هەڤدەی زاییندا، سەردانی ئێران و وڵاتانی دەوروبەری ئێرانیان کردووە. لەو گەشتنامە و بیرەوەرییانەدا، کە لە ئاکامی سەردان و سەفەرەکانیاندا، یاداشتیان کردووە، ئەوە دەسەلمێنن کە واژەی **گەبر و گاور**، دەبەنەوە سەر ڕەچەڵەکی ئایینی زەرتوشت. لەوانە:

١- گەشتوەری ئیتالیایی پیترو دالا **ڤالا** Pietro Della Valle، کە ساڵی ١٦١٦ز- تا ١٦٢٤ز- لە ئێران بووە. هەمیشە لە ناوهێنانی زەرتوشتیدا، بەواژەی گەبر ناویان دێنێ و دەڵێ: ئەمانە لە عەرەب «تازی» بێزارن و خۆیان بەگاور ناو دەبەن، چونکە ئەم واژەیە بەمانای کافر و بتپەرستی دێت و بەخۆیان دەڵێن: بەهدین – Behen din.(٣١، ١٣ – مقدمە).

٢- ژان پاتیست تاوەرنیە «١٦٠٥- ١٦٩٨ز» کە گەشتوەرێکی فەرەنسایییە و لەنێوان ساڵانی ١٦٣٢- تا ١٦٣٨ز، نۆ جار سەردانی ئێرانی کردووە و لە بارەی زەرتوشتییەکانی شاری کرمان و دەوروبەری نووسیوە. هەمیشە پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت، بەگەبر(Kebber) ناو دەبات.(٣١-١٣ مقدمە).

٤- شاردن – Chardin، کە چەندان ساڵی ڕۆژگاری سەفەوی لە ئێران بووە، لە سەفەری یەکەمیدا، لە ساڵی ١٦٤٤- ١٦٧٠ز لە سەردەمی شا عەباسی دووەم و شا سلێمانی یەکەم و لە سەفەری دووەمیشیدا لە ساڵی ١٦٧١- ١٦٧٧ز، لە ڕۆژگاری شا سلێمانی یەکەمدا، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا چەندان جار یادی زەرتوشتییەکان دەکاتەوە و دەڵێ: لە **هیند** بە زەرتوشتی دەڵێن **پارسی** و لە ئێران پێیان دەڵێن **گاور** – Gaur، کە واژەکە لە بنەچەدا عەرەبیە و بە مانای کافر دێت.(٢٢، ١٢ مقدمە).

٥- ژان ئۆتەر – Jean Otter ی گەشتوەری سوییدی کە لە زەمانی تەهماسب قولی خان «نادر شاه»دا، هاتۆتە ئێران و سەفەرنامەکەی یەکجار بایەخدار و دەگمەنە. لە ئاپریلی



**١٧٣٩**ز-دا، سەردانی کەنگاوەری کردووە و پێیان وتووە، کە گاوری تێدایە. باسی ئەوە دەکات کە ئاتەشکەدەی وێرانی ئەوانی دیوە و بە پاشماوەی پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشتیان لە قەڵەم دەدات.(٤، ١٧٠-١٧٨).

ئەم بەڵگانەش وەک وتمان، هەموویان ڕەچەڵەکی واژەی گۆران دەبەنەوە سەر ئایینی **زەرتوشت** و ئایینی زەرتوشتیش چونکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا گەیشتە لوتکەی ڕێزگرتن، بۆیە ڕێی ئەوەش لەبەردەمماندا خۆش دەبێ، تا واتای سروودی یارسان، بەوە لێک بدەینەوە، کە مەبەست لە: **یار + سان**، نیاز لە یاران و دۆستان و دڵدارانی ساسانی، یان: یارانی سوڵتان سوهاک، واتە: سوڵتان ئیسحاق بێت؛ کە دواتر پێیان وتووە: سان بێت.

کەواتە، بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە **سروودی گاثای** «زەرتوشت»یش، پێویست دەکات ئاوڕێکی خێرا، لە مێژووی زەرتوشت و ئایینەکەی و سروودی گاثا بدرێتەوە.

# زەرتوشت و ئایینەکەی

سەرەتا، دەبێ ئەوە بزانین کە مادەکان، سەر بەو شەپۆلگەلە کۆچە بەرودوایانەی ئاری نەژادن، کە لە سەدەگەلی زۆر کۆنەوە، لە مەڵبەندەکانی باکووری ئەوروپا و باشووری ڕووسیاوە، ڕووەو چەندین ناوچەی جیاجیا، کە گرنگترینیان **هیند** و **ئێران** و ئەوروپا بووە، کۆچیان کردووە.(١، ٢١)

زەمانی کۆچەکەشیان، بیروڕای جیاوازی لەسەر هەیە، کە زۆربەی زانایانی خۆرهەڵاتناس، بەلای زۆرەوە، لەنێوان (١٠٠٠ تا ٢٠٠٠) ساڵی پێش زایین دادەنێن.

ئەوانەی بۆ هیند و ئێران کۆچیان کردووە، بەخۆیان وتووە ئاریایی و لە کۆنترین پاشماوەکانیشیاندا، ناوی ئاریایی هاتووە. لە پاشماوەکانی ڕیگ ڤیدا دا، کە ئایینی کۆنی هیند بووە و لە ئاڤێستاشدا کە ئایینەکەی زەرتوشت بووە، ناوی ئاریایی هاتووە، لە هەردوو ئایینەکەشدا، مانای ناوی ئاریایی، بەواتای نەجیب و ڕەسەن و میوان نەواز هاتووە(١، ٥٠-٥١). لە ئاڤێستادا کە مەبەستی ئێمەیە، سەرزەمینی ئاریایی، بە ئاریانام ڤەیجا، یان ئاریان ڤەیجا یان ئاریان ڤاج ناوبراوە. وەک زانراوە ئاریان ڤەیچاش دامێنی زەریای خەزەری ئێستا بووە، کە دواتر بەرینتر بووەوە و بووە جێی پێکەوەنانی دەوڵەتی ماد، دەوڵەتی مادیش (٦٩١- ٥٥٠ پێش زایین)، وەک لە نووسراوگەلی ئاشووریدا هاتووە، سنوورەکەی لە دامێنی زەریاچەی ورمێوە، بەرەو خوار دەست پێدەکات بۆ سەقز و ئەکباتان «هەمەدان» و دواتریش لە نیوەی شەشەمی پێش زاییندا، ئەم سنوورە فراوانتر دەبێ و بەشێکیش لە ئەفغانستان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

بەڵام ئەو شەپۆڵە کۆچەی لە نیشتمانی ماد «کوردستانی ئێستا»دا، نیشتەجێ بوون، ئەو شەپۆلە بوون، کە دواتر زەرتوشتیان تێدا هەڵکەوت و هەر ئەم شەپۆلەش لە سەردەمێکدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەک خاوەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەکی یەکجار فراوان بوون. بەجۆرێک کە لە هەندێ سەردەمدا، نەک هەر سەرپاکی کوردستانی ئەمڕۆ و ناوچەکانی تری ئێرانیان بەدەستەوە بووە، بەڵکو لە ڕۆژگارێکدا وڵاتی ئاشوورییەکانیش، بەنەینەوای پایتەختیشیانەوە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتیانەوە (٦١٤ پێش زایین).

سەبارەت بەوەی کە زەرتوشت لە کامە ناوچەدا هەڵکەوتووە و لە چ سەردەمێکدا ژیاوە! بیروڕای فرە جیاواز هەیە. کە هەندێ لەم بیروبۆچوونانە زانستیانەن و هەندێکی تریشیان،



گەورەیی و مەزنایەتی زەرتوشت سەراسیمەی کردوون و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان، بەرەو حەز و خواستی خۆیانی دەبەن. کە لە ڕاستیشدا چونکە گەورەیی و بلیمەتی زەرتوشت بۆتە جێی مشتومڕ و لێدوان و لێکۆڵینەوەی دەیان و سەدان زانا و فەیلەسووفی دێرینە و ئێستا و بەردەوامی سەرتاسەری جیهان، بۆیە هێشتا بیروبۆچوونی تازەتری لێ هەڵدەگوزرێ و تا ئێستاش هەر قسە لەسەر مێژووی ژیان و شوێنی هەڵکەوتی، نەبڕاوەتەوە.

بەڵام لەوەدا کە کاری ئێمە، ئەوە نییە بچینە ناو جەنجاڵی ئەو بیروڕایانە و بەراورد و تەتەڵە پێکردنیان، بۆیە هەر بەو بەڵگە زانستیانەوە دەگیرسێینەوە کە بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنن زەرتوشت لە دامێنی زەریاچەی **چێئچست - ورمێ** و باکووری خۆرئاوای ئێراندا هەڵکەوتووە، کە کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە بارتۆڵمە(١، ٥٠-٥١) و پرۆفیسۆر گۆڵدنەر(١، ٥٠-٥١) و خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی هەرتسفلد و جەکسۆن(١، ٥٠-٥١) و ئێرانناسی مەزنی دانیمارکی ئارتورکریستین سن(٤٢، ٩-٦٥) و فەیلەسوفی ناسراوی ئەڵمانی فردریک نیچە(٣،٥٨) و مەسعوودی گولزاری(٤٤، ٨٠ مقدمە) و نووسەری کرماشانی عیمادەدینی دەوڵەتشاهی(٢٣، ٧) و جان ناس(١٥، ٣٠٢) و گیرشمن(٤٥، ١٧٩) و مورتەزا ڕاوندی(٢٦، ٤٨٧) و ئۆژین و ئۆبین(٣، ٧٧) و دکتۆر جیهانگیرئوشیدەری(٥، ٤٢٩) و هەروەها مێژوونووسانی عەرەبی وەک: یاقوتی حەمەوی و ئیبن خرددابە و بلاذری و چەندان زانا و نووسەری تریش، دوای توێژینەوەیەکی زۆر و هەوڵێکی زانستیانە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە زەرتوشت لەناو هۆزەکانی **میدیا** و لە باکووری خۆرئاوای ئێران «کوردستانی ئێستا»دا هەڵکەوتووە.

باوکی زەرتوشت ناوی **پوورۆشەسپ** و دایکیشی ناوی **دوغدو** بووە. جەکسون پێی وایە باوکی **زەرتوشت** خەڵکی **ئازەربایجان** و دەوروبەری **زەریاچەی ورمێ** و دایکیشی **ئازەری** بووبێ.

سەبارەت بەناوی «زەرتوشت»یش، لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە.

لە دووتوێی **گاثاکاندا**، بە**زەرتوشترە** هاتووە، هەندێک پێیان وایە، لەوانە: خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ زولستەر، کە **زەرتوشتر**، واتە: خاوەنی **وشتری زەرد** بووبێ(١، ٤٢). خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی **بویس**یش ناوی **زەرتوشتی** بەلێخوڕ، یان جڵەوداری وشتر لێکداوەتەوە(١، ٤٣). زانای بەبنەچە ئەڵمانیایی و مامۆستای زانکۆی ئۆکسفورد ماکس مولەر، ناوی زەرتوشتی بە خاوەنی وشتری جەسوور، لێکداوەتەوە، توێژەرەوەی بەناوبانگی ئەڵمانیایی شپیگل، ناوی زەرتوشتی بەئەشکەنجەدەری وشتران مانا کردووە.

بەڵام لە مێژووی کۆنینەی یۆناندا، بە**زەرد ئاستەر** ناوبراوە. کە بڕوایان وابووە ئەم ناوەش لە **ئاستەر**، یان **ئیستار** وەرگیراوە و مانای **ئەستێرەناس** بگەیەنێ. دیوژن لرسیوس کە خۆرهەڵاتناسێکی یۆنانییە، لە زمانی «ەنیون»ەوە؛ کە کوڕەکەی لە هاوڕێیانی ئەسکەندەری مەکدۆنی و مێژوونووسیش بووە «سەدەی چوارەمی پێش زایین) دەیگێڕێتەوە، کە ناوی **زەرتوشت**، لە باری ئەدەبییەوە بەمانای **ئەستێرە پەرستە**(١، ٤٢). «هێرمودورس»یش، کە شاگردێکی ئەکادیمی ئیفلاتونە «سەدەی چوارەمی پێش زایین» هەمان بۆچوونی هەیە(١، ٤٢). ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو: پرۆفیسور کیگەر پێی وایە کە یونانییان زەرتوشتیان بەواژەیەکی لێکدراوی **زەئیرا** ناوبردووە و لەمەش مەبەستیان پێی **فەرمانڕەوایی ئەستێران** بووە(١، ٤٢). **زەرتوشت**، زێوان و خزمەتگوزاری **ئورومازس**، یان **ئورمەزد** بووە و لە هەمان کاتیشدا زەرتوشتی بەکوڕی **ئورومازس** ناوبردووە(١، ٤٢). پرۆفیسوری ئەڵمانیایی هوزنیگ، ناوی زەرتوشتی لە دوو وشەی لێکدراوی **زئوترا** و **ئەسترای** زانیوە، کە پێی وابووە **چرای کەشتی** دەگەیەنێ و لە ئاکامیشدا مانای ناوەکەی بە**خاوەنی کێڵگەی نیاز** لێکداوەتەوە. یوسنیش، کە توێژەرەوەیەکی ئەڵمانیاییە، ناوی **زەرتوشت**ی لە دوو وشەی **زەڕ** بەمانای **زەڕین** و **ئەستەری** بەمانای بەمانای **ئەستێرە** زانیوە، کە بەهەمووی **ئەستێرەی زێڕینی** گرتۆتەوە. عەرەبەکانیش پێیان وایە ناوی زەرتوشت، بریتییە لە زەر + دەشت. کە بەمانای دەسەڵاتی زێڕین دێت. هەندێ لێکۆڵەرەوەی سەر بەئایینی زەرتوشتیش، وەک ئاذەر گشنسپ و پوروالا، بەو خەیاڵەی ناوی پەیامبەرەکەیان باڵاتر ببەن، پێیان وایە کە زەرتوشت لە سەرەتادا ناوی **ئەسپیتامە** بووە و دوایی کە پەیامەکەی بۆ هاتووە، ناوی زەرتوشتی پێ بەخشراوە، چونکە **ئوشی** بەمانای سووتاندن و درەوشانەوەیە و **زەڕیش** بە مانای زێڕینە. لەوەشدا، کە **گای کێوی** لەنێوان هیند دا وشتری پێ دەڵێن و وشتریش ڕەنگی زەردە، لەمەوە ئەنجامگیریی دەکەن کە زەرت ئوشتر، بەواتای کەسێک کە ڕووخساری لەناو ڕووناکایی خودادا، ڕووناک و درەوشاوە بێ و بەواتەیەکی تر: خەرمانەیەکی زێڕین، لە دەوری ڕووخساری بێت. بەڵگەشیان لەم ناو پێ بەخشینە، ئەوەیە کە **عیسا**ش دوای ئەوەی بۆتە پەیامبەر، نازناوی «کریستوس»ی پێ بەخشراوە.(١، ٤٤)

مێژووی لە دایکبوون و سەرهەڵدان و مردنی زەرتوشتیش، تا ئێستا نادیار و نەزانراوە و لەم ڕووەشەوە هێشتا بیروبۆچوون و لێکدانەوە، نەک هەر نەبڕاوەتەوە، بەڵکو بیروبۆچوونی زۆر دژ بەیەک هەن(١، ٧٨-١١٢). بەڵام ئەوەی کە لەم ڕووەوە ئاشکرایە ئەوەیە، کە زەرتوشت، لەنێوان سەدەکانی ١٧٠٠-١٨٠٠ی پێش زایین، سەری



هەڵدابێ[١] و لە دوای تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە، کەوتۆتە بیرکردنەوە و ژیانی گۆشەگیریی و ئەشکەوت و کێونشینی و لە ئەنجامدا لە دوای ١٠ ساڵ، واتە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا پەیامەکەی لەناو هۆز و ناوچەکەیدا ڕادەگەیەنێ. بەڵام بەسەختی دژی دەوەستن و بڕوای پێ ناهێنن. ناچار ڕوودەکاتە ناوچەکانی دامێنتر و لە کێوی **ئاویدەر** «ئاوشیدەرینە»ی باشووری خۆرئاوای شاری **سنەی** ئێستادا دەگیرسێتەوە. پاشان دووەمین کۆچی بۆ **باکتریا**ی لێواری **جەیحون** و ڕووەو کێوی **هوگر** و ناوچەی باخی «گوڵباخی» لای ڕۆژهەڵاتی شاری **کرماشان** دەست پێدەکات(٢٣، ١١)، کە لەم ناوچەیەدا بەئاشکرا، بانگی پەیامبەرێتی ڕادێڵێ و لەم کاتەشدا کە «گوشتاسپ»ی شای هەخامەنشی فرمانڕەوایە، بڕوای پێ دێنێ و دەچێتە سەر ئایینەکەی. لێرە بەدواوە ئیتر ئاتەشکەدە و مەڵبەندەکانی خواپەرستی دادەمەزرێنێ. ئەو ئاتەشگەدانەی لە کوردستاندا، دامەزرێنران و تا ئێستاش شوێنەواریان ماوە، ئەمانەن: ئاتەشگەدەی پاوەی هەورامان کە لەسەر بڵندترین کێوی باشووری خۆرهەڵاتی پاوەیە و ئاتەشگەدەی ناوچەی ڕێژاو و حەلوان و قەسری شیرین، ئاتەشکەدەی مەزنی «ئاذەرگشنسب»ی ناوچەی تەختی سلێمان.(٤٤، ٨١ مقدمە) و ئاتەشکەدەی **بیارەی** هەورامان و لەم دوو ساڵەی دواییشدا لە نزیک «سورداش»ی لای سلێمانی، لە جاسەنە و دیسان لە نێوان سلێمانی و کەرکوکدا، لە بناری کێوەکانی **دەربەندی بازیان**، شوێنەواری ئاتەشگەیەکی تر، دۆزراوەتەوە(٥١، ٥). هەروەها مامۆستا تەوفیق وەهبی پێی وایە، کە گوندی **زەرگەتە**ی باکووری خۆرئاوای شاری سلێمانی، لە بنەڕەتدا شوێنی ئازەرگەدە **ئاتەشگەتە**یەک بووە. دیسانیش لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٥ ئاتەشگەدە و پەرستگەیەکی زەرتوشت، لە دهۆک دۆزراوەتەوە. هەروەها ئاتەشگەدەی **دەرەشەهر**، لە ئیلام.

لەناو ئەم چەند ئاتەشگەدەیەدا، ئاتەشگدەی بەناوبانگی «ئاذەرگشنسب»ی پەرستگەی شاری **شیز**، کە لە نزیک کەلاوەکانی ئێستای تەختی سلێمانە و دەکەوێتە ٤٩ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی شاری «تیکاب»ی ناوچەی هەوشار، کۆنترین و گەورەترین و پیرۆزترین ئاتەشگەدەکانی زەرتوشتە و شاهەکانی ساسانی، لە بۆنەکانی سەرکەوتن و تاج لەسەرناندا، بەنیازی سوپاس و دوعا کردن، دەبوایە لە **تیسفۆنی** پایتەختەکەیانەوە، کە کەوتۆتە ٣٢ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی **بەغدای** ئێستاوە، بەپێی پیادە زیارەتی ئەم ئاتەشکەدەیە بکەن و هەر لەمیشەوە دەستەچیلەی ئاگر، بۆ ئاتەشگەدەکانی تر براوە.

(١) زەبیح بیهرۆز، کە لە زانستی ئەستێرەناسی و بیرکارییدا شارەزایی زۆری هەیە، دوای لێکۆڵینەوە و ڕەنجێکی زۆر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە زەرتوشت ساڵی ١٧٦٨ پێش زایین، هاتۆتە دنیا. بەڵام دیسان هەر ئەم ئەنجامەش جێی قسە و باسە. بۆ زیاتر زانیاریی بنواڕە: (٥، ٣٣، ٣٤).



ئاتەشگەی سەر کێوە بەرزەکانی خۆرهەڵاتی باشووری «پاوە»



دەروازەی دەرەوەی ئاتەشگەی بەناوبانگی: ئاذەرگشنسب – لە:
تەختی سولەیمان نزیک شاری – تیکاب–ی ناوچەی هەوشار



وەک یاقوتی حەمەوی لە زمانی مسعر بن المهلهل «نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچی»ی گەشتوەرەوە دەیگێڕێتەوە، گوایە لەو کاتەدا کە مسعر سەردانی ئەم ئاتەشگەدەیەی کردووە، تەمەنی ئاتەشکەدەکە ٧٠٠ ساڵ بووە و ناوبراو، وەسفێکی زۆر سەرسوڕهێنەری ئەم ئاتەشگەدەیەی کردووە. (٥، ٧٤)

گرنگیی و مەزنایەتی ئەم ئاتەشگەدەیە، وای لە دکتۆر جهانگیر ئوشیدەری کردووە، کە بەدڵنیاییەوە بڵێت ئەم مەڵبەندەی ئەم ئاتەشگەدەیەی تیا دروستکراوە، زێدی زەرتوشتە[1] و بۆ زیاتر دڵنیا بوونیش بەڵگەی ئەو پەرستگەیەی بە نموونە هێناوەتەوە، کە هەر لە نزیک ئەم ناوچەیە هەیە و دەڵێن گڵکۆی زەرتوشتە. پەرستگەکەش لە گوندی **ئەنبی**یە، کە دەکەوێتە ١٤/٥ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای گوندی **سیلوانە**ی ناوچەی **تەرگەوەڕ**ی سەر بەپارێزگەی **ورمێ**وە. (٥، ٣١)



ئاتەشگەی گونبەد کەلاییی، لە «ڕێژاو»
ناوچەی سەرپێڵی زەهاو ـ کرماشان

(١) تا ئێستاش گوندێکی گەورەی کوردنشین لە ناوچەی (دزە: دژە)ی ناوجەرگەی مەرگەوەڕ- دایە، بەناوی «پوروشەسپ»ی باوکی زەرتوشت و خۆم چەند جارێک سەردان و دیدەنیم کردووە.

دیسان هەر دکتۆر جهانگیر ئوشیدەری بۆ زیاتر نموونەی پشتیوانی زۆرتر کردن لەم بۆچوونەی خۆی، قسەیەکی ڕۆژهەڵاتناس جەکسون بەیاد دێنێتەوە، کە لە زمانی شپیگڵی گەشتوەرەوە: دەڵێ هەر لەم ناوچەیە و ڕوونتر لە کێوی **بزوداغی** «کێوی گوساله»، کە دەکەوێتە باکووری شاری **مەراغەوە**، خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بۆ ئەشکەوتێک دەکەن، کە گوایە زەرتوشت لەوێدا ژیاوە. هەر جەکسونیش دەڵێت: لە نزیک کێوی **سەهەندی** نزیک مەراغە، ئەشکەوتێکی بەردین هەیە، کە گوایە جێی خوێندنەوەی زەرتوشت بووە.(٥، ٣١)



ئاتەشگەی: گومەی مەلیک لە «ڕێژاو»





یەکێک لە دوو «ئاتەشدان»ەکەی ژوور قەلبەزی ڕێژاوی سەروو



ئاتەشگەی: سەراب لە سەرپێڵی زەهاو ـ کرماشان



ئاتەشگەی بناری کێوەکانی «بازیان»ی نێوان سلێمانی و کەرکووک
ساڵی ١٩٩١ز ـ لەلایەن مامۆستا ـ «عەبدولڕەقیب یوسف»ەوە دۆزرایەوە



ئاتەشگەی دەرەشەهر ـ ئیلام





میحرابی «زەرتوشت»ی لە تەنیشتی خۆرهەڵاتی دەربەندی «قەمچونە ـ سەرتەنگ»ی لای
سورداش ـ پارێزگاری سلێمانی

# ئاڤێستا و پەیامی زەرتوشت

**ئاڤێستا**، ناوی **کتێب** و پەیامە ئایینییەکەی **«زەرتوشت»**ە، کە زەمانی نووسینی ئەم کتێبە، ئەگەرچی بەتەواوی نەزانراوە، بەڵام بە لای کەمەوە (١٠) سەدەی پێش زایینیە (١٨، ٣). زانایانی وەک گۆڵدنەر و ئەندەرئاس پێیان وایە کە واژەی ئاڤێستا، لە ئاڤێستاکەوە وەرگێرابێ و ئاڤێستاکیش مانای بناغە و بنەڕەتە.

ئەوەی کە ئێستا بەناوی ئاڤێستاوە ماوەتەوە، ئەو ئاڤێستا تەواوە نییە، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا بووە. بەڵکو زۆربەی لە ململانێی سەختی ڕۆژگار و لەنێوان دوژمنانیدا لەناوچووە. وەک لە نووسراوی ئایینی زەرتوشتیدا باسکراوە، ئاڤێستا لە کاتی خۆیدا بەخەتی زێڕین و لەسەر ١٢ هەزار پێستەی خۆشکراوی **گا** نووسراوەتەوە. ئاڤێستا، لە یەک زەمان و بە دەستی یەک کەس نەنووسراوەتەوە(٢١، ٤).

لە سەردەمی دارای کوڕی داریۆشی سێیەمدا فرماندراوە، کە ٢ دانە **ئاڤێستا** بەتەفسیری زەندەوە بنووسرێتەرە، بۆ ئەوەی یەکێکیان لە گەنجینە و کتێبخانەی دەوڵەتیدا لە **پەرسەپولیس** «تەختی جەمشید» و ئەوی تریان لە کتێبخانەی ئەرشیفی میللیدا بپارێزرێن. بەڵام لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدونی بۆ سەر ئێران (٣٣٤ پێش زایین) ئەسکەندەر فرمانی دەرکرد، هەرچی ئاڤێستا هەیە کۆبکرێتەوە و سەرلەبەری بسووتێنری. جگە لە هەندێ بەشی، کە بریتی بوون لە زانستی ئەستێرەناسی و پزیشکی، کە لەگەڵ خۆیدا بردنی. ئیتر بەم بۆنەیەوە ئاڤیستای نووسراویش سەرپاکی لەناوچوو. لەم بارەیەوە مەسعوودی (؟- ٩٥٧ز) مێژوونووسی سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی، کە خۆی لەو کتێبەیدا، کە بەناوی التنبیە والاشراف نووسیویێتی و گەلێ زانیاری دەربارەی زەرتوشت و ئاڤێستا و ئایینی **دەبیرە** تێدایە، دەڵێ: بەهەزاران نوسخەی ئاڤێستا، لە لایەن «هێلینی»یەکانەوە لەناوچوون و سووتێنران (٧٧، ٨٠-٨١). بەمجۆرە کە دەسەڵاتی هێلینیەکان بەسەر ئێراندا ماوەی (٣٠٠) ساڵی خایاند، ئایینی زەرتوشتیش بێدەنگی و ساردبوونەوەیەکی درێژ و سەختی بەسەردا هات، چونکە هێلینیە داگیرکارەکان، بەرقێکی سەختەوە کەوتنە قەڵاچۆی هەموو سیمایەکی ئایینی زەرتوشت و پیر و ماگای زەرتوشتی. بەدرێژایی فەرمانڕەوایی هێلینیەکان، لەژێر ئەشکەنجە و ئازارو ڕاونان و شار بەدەرکردن و کوشتن و بریندا بوون. بەڵام دوای دەرکردنی هێلینیەکان بۆ



دەرەوەی ئێران (٧٧-٢٥ پێش زایین) «وڵخش»ی پاشای **ئەشکانی**، فرمانی دەرکرد بەیاننامەیەک بەسەرتاسەری وڵاتدا بڵاوبکرێتەوە و تیایدا ڕابگەیەنرێ کە هەرچی ئاڤێستا و زەند ئاڤێستا ماون و جێی متمانەن، کۆبکرێنەوە.

دوای ئەمیش، دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی: ئەردەشێری پاپەک (٢٢٦-٢٢٧زایین) بەڕاوێژی **تەنسەری** پیری پیران، فرمانی دەرکرد کە سەرپاکی ئاڤێستای پەرتوبڵاو لە بارەگای دەربار کۆبکرێتەوە. تەنسەریش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، هەموو **موبەد** و پێشەوایانی ئایینی بۆ پایتەخت بانگهێشتن کرد و کارەکەیان بەرێکوپێکی گرتە ئەستۆ(١، ١١٧-١١٨). پاشان شاپووری یەکەم - ی جێنشینی ئەردەشێر، ئەم کارەی ئەنجامدا و ئەم نوسخەیەش دواتر بەر هێرشی هاتنی ئایینی ئیسلام کەوت (٢٧٤-٢٤٢ز)... ئیتر هەمدیسانەوە **ئاڤێستا** کەوتەوە بەر هێرشی هاتنی ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام (٦٣٢-٦٥٦ زایین). کە سەرلەنوێ بوو بەهۆی لەناوچوونەوەی پاشماوەکانی ئاڤێستا و قەدەغە بوونەوەی ئایینی زەرتوشتی، لەبەرئەمە ئاڤێستا سەرلەنوێ کەوتەوە ناو سنگی پیرانی ئایینیەوە، کە ئەوانیش پەیتا پەیتا، لێرە و لەوێ، ڕاوەنران و لەناودەبران. ئەوانەشیان کە لەو جۆرە ڕاونانە دەرباز ببوون، مەگەر زۆر بە نهێنی و لە ناوچە دوورە و پەرێز و شاخاوییە سەختەکاندا خۆیان گرتبێتەوە و تیایدا خۆیان حەشار دابێ، زۆربەی زۆری پیرە ئایینیە ڕاونراوەکان لە چەم و دۆڵەکانی «هەورامان»ی تەختدا، ناویان هەیە و یەکێکیش لەو پیرە بەناوبانگانە **پیرشالیاری یەکەم**، یان پیر شەهریاری زەرتوشتییە، کە خاوەنی کتێبی ئایینی و فەلسەفەی ئایینی **ماریفەت پیرشالیاری**یە(١٠٧، ١٩).

لە دوای سەقامگیر بوونی ئایینی ئیسلام، مەئمونی خەلیفەی عەباسی، **موبەد**ێکی بەناوی **ئاتەر فەرنبەگ** ڕاسپارد، کە سەرلەنوێ بەشەکانی ئاڤێستا کۆبکاتەوە (٨٣٣-٨١٣ز). لەم سەردەمەدا، کۆمەڵێکیان بەزمانی پەهلەوی و بەناوی **دینکەرد**ەوە ڕێکخستەوە. ڕێکخستنەوەی **دینکەرد**، لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینیدا دەستی پێکرد و لە کۆتایی هەمان سەدەدا تەواوکرا.

ئاڤێستای ڕۆژگاری ساسانی بریتی بووە لە (٣٥٤٥٧٠٠) واژە و لێکدانەوەی زەندەکەشی (٢٠٩٤٢٠٠) واژە بوو. بەڵام ئەوەی ئێستا ماوەتەوە، بریتییە لە (٨٣٠٠٠) واژە(٢١، ٣).

ئەو زمانەی ئاڤێستای پی نووسراوەتەوە و بەهۆی ئاڤێستاوە ناوبانگی دەرکردووە،

یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی ئێران، کە سەردەمی گەشە و برەوی نازانرێ(٢١، ٥). بەڵام خەتی ئاڤێستا، یەکێکە لە تەواوترین خەتەکانی جیهان، کە بەئایینی **دەبیرە**، یان بە**ئایینی دەبیرەیی** دەناسرێ و لەگەڵ زمانە کۆنەکانی **ئاریایی**، وەک **سەنسکریت** و **پارسی کۆن**دا نزیکایەتی و تێکەڵاویی هەیە و گەلێ واژەی هەریەکە لەو زمانانە، لە یەکتریدا هەن، بەتایبەتی لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا خزمایەتی و نزیکایەتی زۆرترە، چونکە بەدەیان واژەی زمانی کوردی، هاوواتا لەگەڵ زمانی ئاڤیستادا هەن.

بناغە و بنەمای ئایین، لە ئاڤێستادا، بڕوا هێنانە بە تاک و تەنیایی خوا «ئاهورامەزدا»، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە، گەورەترین ڕووداوی مێژوویی بووە لە جیهاندا و بۆ یەکەمین جاریش زەرتوشت هێناویەتە کایەوە، کە ئەو تاقە خوایەش **ئاهورامەزدا**؛ خوای تەنیا نەتەوەیەک و خێڵێک و میللەتێک و کەسێک نییە. لە پەرستگەیەک و جێگەیەکی تایبەتیدا نییە و خوای سەرتاسەری جیهانە و جێگەی نییە و لە هەموو جێگەیەکیشدایە. چونکە پەروەردگاری هەموو جیهان و هەموو گەردوونە(٢١، ١٩).

ئەمە لە کاتێکا، کە لەو سەردەمەدا لە هیچ جێگەیەکی دنیادا، ئەمجۆرە بڕوایە پەیدا نەببوو. لە هیچ لایەکیشدا بڕوای پێ نەهێنرابوو، تەنانەت وەک خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانیایی مارتین هاوگ دەڵێت: «ئایینی زەرتوشت، تاقانە ئایینیکە، کە بە پلە، لە یەکتاپەرستی «عیبرانی»ش پاڵاوتەترە»(١، ١٣). کەچی **زەرتوشت** بڕوای خۆی بە یەکتاپەرستی ڕاگەیاند، لە یەکتاپەرستیشدا **مەزدا**ی کرد بە نازناوی **خوا**، کە **مەزدا**ش لە دوو واژەی «مەز + دا» پێکهاتووە و بە جیاجیاش **مەز**، بە مانای **مەزن** و، **داش**، بە مانای **دانا** دێن، کە بە هەر دووکیان مانای **دانای مەزن** دەبەخشن و نیازیش لە کاکڵەی ئایینەکە، **مەزدا پەرستی**یە، بە واتا: **پەرستنی دانای مەزن**[1] لە سەرتاسەری پەیامی **ئاهورا مەزدا**شدا، هەمیشە ڕووی دەمی لە هەموو کەسێکە و مەبەستی لە جێگەیەک و دەستەیەک و سەردەمێکی تایبەتی نییە، تەنانەت ڕووی دەمی ناکاتە نیشتمانەکەی گوشتاسپ - ی شای هەخامەنشیش، کە داڵدەدەر و زەمینگەی چالاکی و ڕاگەیاندنی پەیامەکەی بووە. بەڵکو ڕوو لە هەموو ئەوانە دەکات کە بە: **وتەی چاک، بیری چاک، کرداری چاک** خاوەند

(١) لە جێی خۆیدایەتی، لێرەدا لە دەرفەتی لێکدانەوەی مانای جووتە واژەی لێکدراوی مەز + دا- دا، کە هەموو لێکۆڵەرەوە و زمنناسانی جیهان بە گشتی و فارس بە تایبەتی، لەسەر ئەوە هاو بیرن کە مەز بەمانای گەورە و مەزن دێت، کەچی خۆشبەختانە، کاتێ بە پەرۆشەوە سۆراخی واژەی مەزنم لە هەموو فەرهەنگە فارسیەکاندا کرد، بەرچاوم نەکەوت! لە کاتێکدا ئەم واژەیە تا ئێستاش لەناو زمانی کوردیدا، هەروەک خۆی لێکداوەتەوە!؟ کە خودی واژەی مەزن وەک وترا لە زمانی فارسیدا نییە!.



دڵشاد دەکەن و لە هەمان کاتیشدا لێی نزیکتر دەبنەوە و هەر لە ڕێگەی ئەو سێ ڕەوشتەشەوە، مرۆڤ دەتوانێ دەستی بگاتە بەختەوەریی و پاداشی چاکی و پاکی خۆی وەربگرێ، نەک بە قوربانی سەربڕین و بەرتیل و دیاری و نوێژی ڕواڵەتیی و سەرزارەکی. تەنانەت زەرتوشت خۆی وەک مرۆڤێک، کاتێ لەگەڵ ئاهورامەزداشدا دەدوێ، بە شکۆ و نەفس بەرزی و بڕوا بەخۆکردنێکی باڵاوە، دەدوێ، نەک وەک مرۆڤێکی دەستە پارچە و کەم و سووک و بێ بڕواو تێشکاوییەوە، بەڵکو وەک ئاخاوتنی هاوڕێیەک لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر نزیک و جگەرسۆز و بە تەنگەوە هاتووی خۆیدا.(١، ٢٧٤)، کە بڕوایان بە یەکتر هەبێ و گوێ لە ڕاز و خواست و نهێنی یەکتر بگرن.

کەواتە **مەزدا پەرستی**، مانای سوپاسی مەزنایەتی خوایە، کە دانای مەزن و پەروەردگاری هەموو هەستەکانی لەش و گیانی مرۆڤە، لەمەشدا بۆ یەکەمجار، هەموو خوایەکانی پێشووی خۆی، کە بریتی بوون لە: **میترا، ورتراگن، بەهرام، ئەناهیتا، واردنە؛** ڕەتکردنەوە و بە جۆرێک بێزی لێ کردنەوە، کە ناوی **دیۆی** لە هەموویان نا، یان بە هەموویانی وت: ئەهریمەن، کە بە مانای **تاریکی** و **شەڕ** دێت.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت وەک هەندێ وای تێگەیشتوون گوایە ئایینی **زەرتوشت** بریتییە لە شەڕی نێوان دوو هێزی ئاهورامەزادا و **ئەهریمەن**، یان ڕووناکیی و تاریکیی، یان شەڕی نێوان خێر و شەڕ. بەڵکو بە گوێرەی ئایینی زەرتوشت، دوو جۆرە هەست، یان دوو جۆرە **ڕۆح** لە مرۆڤدا هەن، کە بریتیین لە **ئەسپینتامینیو** واتە: ڕۆحی خێر و **ئەنگرەمینیو**، واتە: ڕۆحی شەڕ، ئیتر مرۆڤ لە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزەدا، یەکێکیان هەڵدەبژێرێ کە ئەم دیدە دوولایەنەش باری ئەخلاقیە، بەرامبەر چاکە و خراپە، نەک دیدی دوولایەنە بۆ «ئاهورامەزدا»(٣٥، ٢). چونکە بڕوای پتەوی **زەرتوشت**، هەر بە **ئاهورامەزدا**یە، کە لەناو بڕوا هێنان بەو تاکە خوایەدا، ئاستی هۆش و بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە دەسەڵاتی داهێنەرانەی کردگار، بیگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی مرۆڤیش لە بەرامبەر مەزنایەتی و گەورەیی و ئەو هەموو بەخشینەی ئاهورامەزدادا، ئاکار و کرداری جوان و چاک و پاک بنوێنێ و گەیشتنیش بەم ئاکامە، نزیک بوونەوەیە لە ئاهورامەزدا و دوورکەوتنەوەیە لە خراپە و درۆ.

لەمەش سەیرتر، ئەوەیە زەرتوشت ئازادیی بێ سنووری داوە بەمرۆڤ خۆی، کە خۆی هەڵوێست لە چاکە، یان لە خراپە وەربگرێ. چونکە وەک **مۆلتۆن** دەڵێت: زەرتوشت پێی وایە کە **خوا** و **حەقیقەت** یەکێکن(١٢٣،١) و ئەم حەقیقەتەش زووبێت، یان درەنگ، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاکامەی، کاتێ لەگەڵ هەر دوو گەوهەری چاکە و خراپەدا،

ڕووبەڕوو ببێتەوە، بتوانێ لەنێوان هەردووکیاندا، یەکێکیان: **حەقیقەت** هەڵبژێرێ(١، ١٤٧). چونکە بەپێی ئاڤێستا، خوا، مرۆڤی بەجۆرێک دروستکردووە، کە هەست و هۆشی داوەتێ و توانای جیاکردنەوە و هەڵبژاردن و سەرپشک و دەستنیشان کردنی چارەنووسی خۆی پێ بەخشیوە.

لەبەرئەمە هەموو جوانیی، هەموو مەزنایەتی، هەموو حەقیقەت، هەر لە ئاهورامەزدا دایە و ئەو لێکدانەوانەی تر، کە لەسەر هەڵوێستی دوو لایەنەی **خێر** و **شەڕی زەرتوشت** نووسراون، نائاگان لە بنەڕەتی ئایینی زەرتوشت و ئەو جۆرە بیروڕایانە، ئەو جۆرە کەسانە دەیڵێن کە پشتیان بەو ئاڤێستایانە بەستووە، کە دوای زەرتوشت نووسراونەتەوە و شێوێنراون. چونکە بە گوێرەی ئەو نووسراوانەی **مانی** (سەدەی سێیەمی زایین)، کە لە ساڵی (١٩٣٠ز) لە **میسر** بەردەست کەوتوون، وای نیشان دەدەن کە زەرتوشت لە سەردەمی خۆیدا، بیروباوەڕی خۆی بە قوتابییەکانی لەبەر کردووە، واتە هەتا زەرتوشت، خۆی لە ژیاندا بووە، ئاڤێستا نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە سنگدا پارێزراوە. کەواتە دواتر، دوای مردنی زەرتوشت، ئاڤێستا نووسراوەتەوە(١، ١١٥). لەبەرئەمە، لای زەرتوشت، جگە لە ئاهورامەزدا، هیچ هێزێک و خوایەکی تر نییە.

**وتەی چاک و بیری چاک و کرداری چاک** ـ یش لە بانگەوازی زەرتوشتدا، کە ناوەڕۆکی بیری زەرتوشتە و لە سەرومری ئاڤێستادا، بە قووڵیی باسیان لێ دەکرێت، بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆیدا، بە **وتەی چاک** لەگەڵ هاوڕێ و هاوسێ و هاونیشتمانانیدا بدوێ و بۆ پێکەوەنانی خێزان و بەختەوەری و ئازادی و پێشخستنی کۆمەڵ و نیشتمانیش: **بیری چاک** بکاتەوە و بە **کرداری چاک** ـ یش، خەریکی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنان و ئاژەڵداریی و پێکەوەنانی ژیار و شارستانێتی و دروستکردنی لادێ و شار و دەست هەڵگرتن بێ لە ژیانی کۆچەرێتی و ڕێگری و یەکتر کوشتن و دزی و درۆ. کە لە ئاکامدا، بە پەیڕەوی کردنی ئەم سێ دروشمە، مرۆڤ دەگاتە نەمریی، یان نزیک بوونەوە لە ئاهورامەزدا.

لە پیادەکردنی ئەم سێ دروشمەش لە ڕووخساری دەرەوەی مرۆڤدا، پێچانەوەی جۆری ئەو پشتێنەی پشتە، کە لە وێنە هەڵکۆڵراوەکانی **تەختی جەمشید** و زۆر جێی تریشدا بەرچاو دەکەون و بریتییە لە دروستکردن و هێشتنەوەی «سێ قەف»ی لەسەر یەکی پشتێنەکە، لە دیوی پیشەوەدا[1]، کە ئەم نەریتە تا ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی

(١) لە بنەچەدا ئەم پشتێنە، بەپێی بەندەکانی (١٣ و ١٤)ی (تیر-یەشت) ناوی (کوشتی)یە (٣) جار بە دەوری پشتدا دەبەسترێت(٥، ٥١).



کوردستان و بە تایبەتیش لە باکووردا، پەیڕەو دەکرێ. جۆری بەستنەوەی ئەمجۆرە پشتێنە لە موکریان پێی دەڵێن: **گۆزان گرێ**[2].

هۆی مانەوەی نەریتەکەش تا ئێستا، ئەوەیە: وەک لە سەفەرنامەکەی شاعیر و گەشتوەری ناسراوی ئێرانی ناسر خەسرەو (١٠٠٣- ١٠٨٨ز)دا دەردەکەوێ، تا سەدەی پێنجەمی هیجریش، ئایینی زەرتوشتی، لەم بەشەی کوردستاندا پەیڕەوکراوە(٥٣، ١٠-١١). جگە لە ناوچەی هەورامان کە زۆر درەنگتر دەسەڵاتی ئیسلامی گەیوەتێ.

ئاڤێستا لە بنەڕەتدا بریتییەلە ٢١ نەسەک «کتێب»، کە هەریەکە لەم کتێبانە، ناوی تایبەتی خۆیان هەبووە. لە سەردەمی ساسانیشدا دووبارە بە هەمان شێوەی کۆن، کرایەوە بە ٢١ نەسەک، کە ئەم ٢١ نەسەکەش بریتین لە:

١- ئەو نەسەکانەی ناویان «گاسانیک»ە، تایبەتن بە ئاگاداری لە کاروباری ئەو دنیا.

٢- ئەو نەسەکانەی ناویان «داتیک»ە، تایبەتن بە ئاگاداری لە کاروباری ئەم دنیا.

٣- ئەو نەسەکانەی ناویان «هایلەی مانسریک»ە، تایبەتن بە ئاگاداری بوون لە کاروباری هەردوو دنیا(٢١، ٤).

بەڵام ئاڤێستای ئێستا، بریتییە لە ٦ بەش **کتێب** «نەسەک»:

**١- گاتا. ٢- یەسنا. ٣- یەشتا. ٤- ئاڤێستای بچووک. ٥- ڤایسپەرد. ٦- ڤەندیداد**(*).

لەم ٦ بەشەشدا **یەسنا** گرنگترین بەشی **ئاڤێستایە** و بریتییە لە ٧٢ بەش، یان **هات**، یان **سورە**.

**یەسناش** بە مانای پەرستن و نواندن و نوێژ و جەژن و شادی، کە بە هەمووی دەبێتە **ئاهەنگی پەرستن**، یان **ئاهەنگ** و **جەژنی نوێژکردن**.

واژەی **یەسنا**، لە فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی کوردیدا، زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ و ئەوەی سنگا و سنگ دەربارەی ئەم واژەیە، لە فۆلکلۆری گۆرانی کوردیدا پارێزراوبێ و بەسەر زارانەوە مابێتەوە، گۆرانییەکی میللی ناوچەی **شارەزوور** و **هەورامانە**، کە لە یەسنا دەپاڕێتەوە و داوا دەکات دڵدارەکەی بۆ بپارێزێ. سەر بەندی گۆرانییەکەش ئەمەیە:

(٢) نموونەی تری کەلەپووری زەرتوشت لە کوردستاندا،هێشتا لە گوندەکانی: کڵاشی هەوش، کڵاشی باخان، کڵاشی لۆلی خۆرئاوای کێوی کۆسالانی ناوچەی جوانڕۆ، گۆشتی گا و مانگا ناخۆن، کە لای زەرتوشت موقەدەس بوون.

* بێتەوە یادمان کە کتێبەکانی ئەهلی هەقیش بریتین لە ٦ کتێب.

هـەر یەسـن... یەسـن... یەسـن

شـێـخـەکـان بیپـاڕێزن

ئەو ٧٢ بەشەی **یەسناش**، هەموویان لە سوپاس و ستایشی خوا «ئاهورامەزدا» و مرۆڤ و سروشتدان. لەناو ئەم ٧٢ بەشەی یەسناشدا، ١٧ بەشیان لە باری زمان و دەربڕین و شێوەی داڕشتن و مەبەست و تەکنیکی شیعر و تایبەتمەندی تریەوە، لە بەشەکانی **یەسنا** و تێکڕای بەشەکانی تری **ئاڤێستا** جیاوازترن. ئەم جیاوازییەش لە خودی ئایەتگەلی ئاڤێستادا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هەموو ئاڤێستاناسان و زانایان، ئەم ١٧ بەشەی یەسنا، تایبەت بە خودی زەرتوشت دەزانن و بەم ١٧ بەشەی دەڵێن: **سروودی گاثا**، کە مەبەستی ئێمەش، ئەم ١٧ سروودەی خودی زەرتوشتە.

ئەم ١٧ سروودەش کە لە دوو توێی **یەسنادان**، بریتین لە بەشەکانی:

١- سروودی ژمارە: ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤ لەگەڵ بەشێکی جیاواز بەناوی **ئاهنەڤەد**، یان **ئاهنوڤەیتی**.

٢- سروودی ژمارە: ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، کە پێیان دەوترێ **ئەشتەدڤەد**، یان **ئەشتەڤەیتی**.

٣- سروودی ژمارە: ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، بەناوی **سپەنتمەد**، یان **سپنتامینیو**.

٤- سروودی ژمارە: ٥١، کە بریتییە لە تێکڕای یەک فەسڵ و ناوی **ڤەهو خشتەری** لێ نراوە.

٥- سروودی ژمارە: ٥٣، کە بریتییە لە تێکرای یەک فەسڵ و ناوی **ڤەهشتوایشتی**یە.

تێکڕای ئەم ١٧ سروودەش، بە شیعر نووسراون. هەر چەندە لە نامەی ئایینی **برهمنان** و «بودایی»شدا، وا باسکراوە کە بە پەخشان نووسراون(١، ٨١). بەڵام وەک لە قورئان: **سورەتی یاسین** دا، هاتووە هاتووە بە شیعر نووسراون.

لە جێی خۆیدایەتی، لە بواری ناوهێنانی قورئانی پیرۆزیشدا بڵێین: هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە جۆری خوێندنی قورئان و موناجاتیش شێوەیەکە لە چاولێکەریی و لاسایی هەمان ئاوازی بەسۆز و دڵنشینی سروودگەلی گاثای زەرتوشتی(١٩، ١٣٥). وەزنی شیعرەکانی ئەم سروودانە، لەوەزنی عەرووز جیاوازترن، چونکە مێژووی ئەم سروودانە زۆر لە پێش مێژووی عەرووزدان. وەزنی ئەم سروودانە، بەمجۆرەن:

١- سروودەکانی بەشی یەکەم، واتە **ئاهنەوەد**، یان **ئاهونەڤەیتی** ١٦ بڕگەیین و بڕگەکانیان بەمجۆرەیە: «٧+٩».



٢- سروودەکانی بەشی دووەم، واتە **ئەشتەدڤەد**، یان **ئەشتەدڤەیتی**، ئەمانە ١١ بڕگەیین و بەمجۆرەیە: «٤+٧».

٣- سروودەکانی بەشی سێیەم: واتە **سپەنتمەد**، یان **سپنتامینیو**، ئەمانیش ١١ بڕگەیین: «٧+٤».

٤- سروودەکانی بەشی چوارەم: واتە **ڤەهو خشتەر**، ئەمانە ١٤ بڕگەیین و بڕگەکانیشیان لە «٧+٧» پێکهاتووە.

٥- سروودەکانی بەشی پێنجەم: واتە **ڤەهیشتوایشتی**، کە شیعرەکانی ئەم بەشە، دوو جۆرن، یەکەمیان ١٩ بڕگەیین «٧+٧+٥»، دووەمیشیان ١٢ بڕگەیین «٧+٥».

# سروودی گاثا و مۆسیقای کوردی

زەرتوشت سروودی یەکتاپەرستی دەخوێنێ و
ئێمەش کە خۆمان شاعیر و سروود سازین،
بەبێئەوەی دەسەڵات لە دەست خۆماندا بێت،
ڕووە و ئاوازی ئاسمانیی خۆی، جڵەوکێش دەکات
رابیندرانات تاگور

**گاثا**، یان **گاتا**، وشەیەکی ئاوێستاییە‌یە کە لە پەهلەوی دا، بۆتە **گاس** و لە فارسیشدا ڕەنگە هەمان ئەو **«گاه»**ەی ئێستا بێت کە لە **مۆسیقادا**، بە شێوەی لێکدراوی وەک: **دوگاه، سێ گاه، چوار گاه** و **پێنج گاه** بەکار دەبرێت. لە ئایینی «زەرتوشت» یشدا، **پێنج گاه**، بەو **پێنج «عیبادەت»ە** دەوترێ کە **زەرتوشت** دیاری کردووە(٤٠، ٢٥) لە «سانسکریت»یشدا، بەمانای بە **ئاوازەوە وتن و خوێندن** دێت. لە کتێبگەلی «بودایی»یشدا، بەو چامە و مەنزوومانە دەوترێت کە پەخشان ئامێز بن(٤٠، ٢٥).

**گات**، یان **گاثا**، بە مانای **سروودە** و لە کاتی ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئایینیدا دەخوێندرێ. سروود خوێندنیش، زۆرتر ئەگەر بە شیعر بێت، لەبارترە، وەک لەوەی بە پەخشان بێت، بۆیە **گاتا** کۆنترین گۆرانیگەلێکن کە لە چاخەدێرینەکانەوە بۆمان ماونەتەوە، نەک هەر لە باری شیعرەوە، بەڵکو لەباری مۆسیقاییشەوە، بایەخێکی گەورەی هەیە(٤٠، ٥). هێرۆدۆت سەبارەت چۆنێتی ستایش و سوپاسی ئێرانییانی دێرینە، دەڵێت: «موغەکان، لە کاتی نوێژ و سوپاسی یەزداندا، ئاوازیان دەژەند و گۆرانییان دەوت».

لە ئایینی زەرتوشتدا، هەموو پەرستێک، بە هاوکاری **ئاوازە**وە ئەنجامدراوە. لە **ڤەندیداد** دا فەرگەردی سێیەم، بەندی یەکەمین، ئاوا هاتووە:

ئەی دروستکاری موبارەکی جیهانی مادی، خۆشترین جێگەی سەرزەمین، کۆییە؟ ئەهورامەزدا، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: ئەی زەرتوشت، خۆشترین جێگەی سەرزەمین ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤی دەست و داوێن پاک، داری سوتەمەنی و چڵەدار هەنار «بەرسم



مقدّس»[1] و شیر و هاوەن و دەسکەهاوەنی[2] لەبەر دەستدایە و بە دەنگی بلند، ئاوازی ئایینی دلنشین دەچرێ و سوپاس و ستایشی «میترا» خوای دەشت و چیمەن و «راما هیاسترا»[*] دەکات(٤٠، ٥).

خوالێخۆشبوو دکتۆر ئیبراهیم پورداوود، لە بەرگی یەکەمی **یەشتادا** و لەو کتێبەدا کە تایبەتە بە **ناهید**ەوە، لەپاڵ ڕوونکردنەوەیەکدا، کە دەربارەی ڕێزلێنانی ئێرانییانی دێرینە، بۆ ئاواز، لە زمانی «ئیسترابون»ی جوگرافیزانی یۆنانەوە، دەیگێڕێتەوە کە پەیڕەوانی ئایینی **زەرتوشت**، لە کاتی قوربانیکردندا، بە درێژایی ماوەی ئەنجامدانی قوربانیکردنەکە، ئاڤێستایان بە ئاوازەوە خوێندۆتەوە(٤٠، ٥).

لە **ئاڤێستادا**، چەندان جار پێسپێریی دەکات، کە دەبێ **گاتاکان** بە **ئاوازە**وە بخوێندرێن. گۆرانی و ئاهەنگ لە کاروباری ئایینی و ئەخلاقیی پەیڕەوانی «زەرتوشت»دا، بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە لە دەستوورەکانی مەزهەبی **مەزدیسنادا**، مەترسی ئەوە پێشبینی کراوە، کە ئەگەر کەسێک دەربارەی **گاتاکان**، هەر تەنیا **بیربکاتەوە**، یان هەر گوێ لە کەسێکی تر بگرێ کە گاتا دەچرێ، یان لەجیاتی خۆی کەسێکی تر **ڕابسپێرێ** کە **گاتا** لەبری ئەو، بچرێ، دوعاکانی ئەوکەسە، قبووڵ نابن، چونکە ئەوکەسە خۆی، ئاوازی نەچریوە(٤٠، ٥). شیعرگەلی **ئاڤێستا** وەک شیعرگەلی «سانسکریت»ی، کە هاوتای **ئاڤێستا**یە، قافیەی نییە. دوعاکانی گەلانی **سامی** تێکرا بە پەخشانە. لەبەرئەمەشە کە تەرجەمە کردنیان دژوار نییە، بەڵام گەلانی **ئاریایی** دوعاکانی خۆیان، کە شیعر و ئاوازە، ئاوێتەی یەکتر دەکەن و بە مۆسیقاوە، دەخوێنن. بۆیە بڕوایان وابووە، کە هەر دوعایەک ئەگەر بە **ئاوازە**وە بخوێنرێ، زەبری کاریگەرتر و زۆرتریشی هەیە(٤٠، ٥).

لە دەستوورەکانی ئایینی **مەزدیسنادا** چەندان جار سەلمێنراوە، کە ئەگەر کەسێک لە چرینی بە ئاوازەوەی گاتاکاندا خۆی نەبان بکات، یان خۆی ببوێرێ، یان ڕێگریی لە گاتا چرینی بە ئاوازەوەی کەسێکی تر بکات، گوناهێکی گەورەی کردووە(٤٠، ٥).

کەواتە: **گاثا**، یان: **گاتا**، یان: **گاسە**، یان: **گازە**، بەمانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا و بانگەوازی بە **ئاوازە**وەیە، کە تا ئێستاش لە هەندێ ناوچەی وەک **موکریان** و **هەولێر** و

(١) چڵ، یان خەڵقی تازەی دار هەنارێک، کە لە کاتی زیکر و سروود و خوێندندا بەدەستەوە دەگیرێ.
(٢) دەسکەوانیش بۆ کوتانی «هوم» و شیرەگرتن لێی. کە «هوم» گیایەکی کوێستانە و شیرەکەی وەک بادە مەستیی دێنێت (سەرچاوە ٤٢، ل ٢٥).
(*) ڕاما هیاسترا «Rama Hyastra»: زێوان و خزمەتگوزاری میترا.

زۆر ناوچەی تری کوردستاندا، بە بانگ کردن هەر دەوترێ: **گاز**، یان: **گازکردن**؛ کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەگمەنتری کەلەپوور و میراتی زیندووی «زەرتوشت»ە، لەناو نەتەوەی کوردا و لای هیچ نەتەوەیەکی تری دراوسێی کورد ئەم وشەیەش وەک وشەی **مەزن**ی پێشتر باسکراو، بەم مانا ڕەسەنەی خۆیانەوە نەپارێزراون. جگە لەوەی هەر هەمان واژەی **گاتا**، بۆ کۆمەڵێک لە ئاواز و مەقامە نەمر و بەناوبانگەکانی کوردی بەکار دەبرێ، کە مەقامی «قەتار»ە؛ ئەمیش ئەوەندەی تر دڵنیایی دەدات بەو بەڵگە و نیشانانەی دەبنە پشتیوان، بۆ نزیکایەتی و زەبر و جێ پەنجەی ئایین و فەرهەنگی زەرتوشت، لە فەرهەنگ و کەلەپووری کورددا.

خۆ ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیش لە واژەی **گاثای** ئەو ڕۆژگارە دێرینە و **گازە** و **قەتاری** ئێستادا بەدی بکرێ، جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە تەمەنی واژەی **گاثا** ئەوەندە زۆرە، ئەگەر پابەندیی گەلی کورد لەو چەند هەزار ساڵەوە تا ئێستا و بە**تایبەتی** بەم واژەیەوە، ئەوەندە توندوتۆڵ نەبوایە، ڕەنگ بوو ئەم واژەیەش، وەک سەدان واژەی تری زەرتوشتی، شوێنەواری لەناو کورددا نەمایە، بەڵام لەوەدا کە **قەتار**یش هەمان ڕاز و سکاڵا و لاڵانەوەی ڕۆحی مرۆڤە و تا ئێستاش هەر بە شیعری بڕگەیی «هیجا»ی شێوەی هەورامی «گۆران» دەوترێت – کە تەمەنی ئەمجۆرە شیعرەش لە ئەدەبی کوردیدا پتر لە هەزار ساڵە – دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین واژەی **گاثا** و **قەتار**، چ وەک نزیکایەتی واژە و چ وەک ناوەڕۆک، دەچنەوە سەر یەک ڕیشە و سەرچاوە. نووسەرانی ناسراویش محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەم بارەیەوە هەمان بۆچوونیان هەیە(٩٧، ٦٦).

هەروەها لە ١٩٩٦/٥/٨دا، لە سەردانێکی تایبەتیشمدا؛ بە مەبەستی سۆراخی دێرینەی **قەتار**، بۆ لای نووسەری ناسراو: جەنابی سەیید قاسمی ئەفزەلی، یەکێک لە ڕێبەرانی گەورەی ئەهلی هەق لە کرماشان، کە لە سەدان ساڵەوە سنگاوسنگ، ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردییان بە تەمووڕەژەندن بۆ ماوەتەوە – ئەهلی هەقیش بەهۆی ئەو چەندین پردانەوە کە وەک باسمان کردن؛ لەگەڵ ئاییینی زەرتوشتیدا هەیەتی، ناوبراو بە دڵنیاییەوە بۆی سەلماندین کە قەتار، میراتی دێرینەی ئەم دوو ئاییینە بووە و واژەکەش هەر **گاثای** زەرتوشتییە؛ کە هەر سەیید قاسم لوتفی نواند خۆی بە **تەمووڕە**، **قەتاری** بۆ ژەندین و «کەلام»یشی لەگەڵ چری[1].

(١) لەم دیدارەدا برایان: عومەری وەفا، مارف ئاغایی، موحسینی خالیدی، فەرهادی عەزیزی ئامادە بوون.



هەرچەندە لێرەدا دەبێ ئەوە بوتری، کە بەداخەوە هەندێ نووسەر بە هەڵە، مەقامی **قەتار** بە مەقامی **ئەللاوەیسی**، یان مەقامێکی تایبەتی بەناوی **ئەللاوەیسی**، لە تەک مەقامی **قەتار**دا ناو دەبەن و هەندێ جاری تریش بە مەقامی **قەتار** دەڵێین: مەقامی **ئەللاوەیسی**. لە کاتێکا وەک وتمان ئەگەر واژەی **قەتار**، لە واژەی **گاثا** «گاتا»وە وەرگیرابێ، ئەوا مەقامی قەتار مەقامێکی سەربەخۆ و تایبەتە و لە ئەدەبی نووسراوی کوردیشدا شاعیرانی شارەزای ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی کوردی و بە تایبەتیش شاعیرانی وەک: مستەفا بەگی کوردی (١٨٠٩-١٨٤٩ز)؛ سەی یاقوو (یەعقوب، ١٨١٣-١٨٨٣ز)؛ پیرەمێرد (١٨٨٣-١٩٥٠ز)؛ زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٦ز)؛ حەمدی (١٨٧٦-١٩٣٦ز)؛ بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨ز)؛ گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢ز) لەو نموونە شیعرانەیاندا. کە ناوی مەقامی **قەتار** و گۆرانی کوردییان هێناوە، هەر واژەی **قەتار**یان بە جیا و سەربەخۆ ناو بردووە. کە بۆ زیاتر بەڵگە هێنانەوە، نموونەی شیعرەکانیان دەنووسین:

مستەفا بەگی کوردی:

خاوکەرەی خانمە، **قەتارە**ی سەوزەیی نەسمە
ڕەقسی سمکە، نازی شەهراشوب، غەمزەی سەرووی ناز

سەی یاقوو «یەعقوب» ماهیدەشتی:

«ئەمین»ت نەدییەن وە «تار» شەوە
نازار و ئاهەنگ **قەتار** شەوە(٢٨، ٢)

***

خانەبەگ وەو سەوت، وە قەتارەوە
عەنبەر وەو ئاواز، سەدای تارەوە(١٠٢، ٣٦٨)

پیرمێرد:

ئاخ ڕەشۆڵ ساتۆش بە قەتارەوە
تا دەمرم خۆتم لێ مەشارەوە

***

توخوا سا ڕەشۆڵ تۆش بە قەتارەکەت
سەدای سوب سەحەر، پای کۆسارەکەت

***

دەردی مەرگمە، ڕۆیینم دیارە
توخوا سا ڕەشۆڵ نۆرەی قەتارە

***

بولبول بە نەغمەی شوور و پەهلەوی
قەتاری ڕەشۆڵ بە نیوەشەوی

***

ئەکەوێتە ڕێ بەرێزە و قەتار
بە سۆزی شمشاڵ، بە بەستە و قەتار(١٠٢، ٣٦٨)

زێوەر:

چوومە قەرەداخ، جوانێ بە قەتار
عەکسی دەنگەکەی دابۆوە کۆسار(١٠٢، ٣٦٨)

گۆران:

سا توخوا دەنگخۆش دەی قەتارەکەت
کوڵەنجە ڕێ ڕێ و هەوری لارەکەت(٩٥، ١٥١)

حەمدی:

نامەرد موغەنی! وەختی مەقاماتە، نەسرەوی
توخوا قەتارێ، بە ئەبیاتی مەولەوی(١٢٣، ٣٦٩)

بێکەس:

دڵ زۆر مویتەلای دەنگ و نەغمەتە
توخوا قەتارێ، دڵ بۆی لەت لەتە(١٢٣، ٣٦٩)

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم سەرنجە، بەڵگەیەکی تریش دەخەمە تەک قسەکەمان، کە لە شیعرێکی بڵاونەکراوەی شاعیر مەجدی «ملک الکلام ١٨٥١-١٩٢٥ز»دا هاتووە[1] و تایبەتە بەناوی دەنگخۆشان و گۆرانیبێژان و گۆرانی و مۆسیقاژەنانی، لە سەدەیەک زیاتر

(١) ئەم شیعرە لای نووسەری بەڕێز: مستەفا کەیوان بوو، کە لەگەڵ هەندێ شیعری تری بڵاو نەکراوەی شاعیری ناوبراودا کەوتبوونە لای و لە تاران لێم وەرگرت و لێرەدا بۆ یەکەمجار هەموو شیعرەکە بڵاو دەکەینەوە.



لەمەوبەری سەقزەوە، ئەوە دەرئەخات کە لە سەردەمێکی زۆر پێش مەجدی دا، کۆمەڵێک گۆرانی و گۆرانیبێژان لە سەقز و دەوروبەریدا هەبوون. بۆیە مەجدی دوای بەسەربردنی ژیانێکی دوور و درێژ، لە تارانی دوور لە سەقزی زێد و کوردەواری و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بیرەوەری و یادگاری سەردەمی لاوێتی لە سەقزدا، گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ و دەنگخۆش هەبووە، ناوی **دەوریش ئەڵلاوەیس** بووە. وەک مامۆستا مستەفا کەیوانیش لە پیرانی بە تەمەنی ناوچەی سەقزی بیستووە، ئەم دەروێش ئەڵلاوەیسە، مەقامزان و بە تایبەتیش **قەتارزان** و ئاواز دانەرێکی بە توانا بووە، هەر ئەویش **قەتاری** باش زانیوە. بۆیە ناوی لەگەڵ ناوی قەتاردا هاتووەو کە وتراوە: **قەتاری ئەڵلاوەیسی**، مەبەست لەو جۆرە **قەتارە** بەسۆز و دڵنشینە بووە، کە دەروێش ئەڵلاوەیس وتوویەتی. کە دیارە ئیتر لە دوای مردنی دەروێش ئەڵلاوەیس، ناوی ئەڵلاوەیس بەم مەقامەوە لکاوەو بۆتە مۆرک و پێناسەی ئەم مەقامە، کە ئەمجۆرە ناونانە، لای گەلانی دراوسێی کوردیش بەسەر زۆر گۆرانی و مەقامەوە هەیە. وەک مەقامی **مەلامەی** مەقامبێژی ناسراوی عەرەب محەمەد گوبانچی «بەغدایی» و لە مەقامگەلی ئێرانیشدا، ناوی ئەم مەقامزانانە بەسەر ئەم مەقامانەوە هەن:

لە مەقامی شوور دا، ناوی میرزا عەبدوڵلا و ڕەزەوی.
لە مەقامی ماهووردا، ناوی حاجی نسیرخانی مراد خانی.
لە مەقامی چوارگادا، ناوی حاجی حەسەنی و مەنسوری.
لە مەقامی هۆمایوندا، ناوی بەختیاری.
لە مەقامی بەیاتی تورکدا، ناوی حاجی حەسەنی و مەهدی زەڕابی(١٠، ٣٩-٤٢)
لە مەقامی بەیاتی کورددا، ناوی حاجی حەسەنی و... هتد.

بۆیە هەردوو واژەی **قەتار** و **ئەڵلاوەیسی** تێکەڵ بوون و بوونەتە دووانەی یەکتری.

ئەمەش شیعرەکەی «مەجدی»یە و ئەوانەی لە کەوانەدان، ناوی «گۆرانی» و «گۆرانیبێژان»ن:

ساقی، پێم بدە جامی جەم ئایین
موتریب، بخوێنە بە ناڵەی حەزین
**جانم جاناخێ، شۆری وەتەنی**
ئاهەنگی **قادر کوێری** «جەوشەن»ی

پشتمی شکاند یادی جوانی
مۆم نایی منە **سۆزی هیجرانی**
ویرە ویرێ کە، وێنەی **نەکیسا**
**دەروێش ئەڵڵاوەیس** بکەرۆ ئەحیا
**تەسنیفی سابڵاخ**، هەروەک ئای شلێ
بێژە، تا بگریم... بە یادی لەیلێ
چریکەی **خورشید**، بە عیشقی ئەحەد
بەرزۆکە، شادکە، ڕۆحی **خان ئەحمەد**
بڵاوێنەوە، جەرگم کە بریان
بەچی بکەین بڕین، وەک **سۆفی ڕەحمان**
لە غوسّە کەیلم، لە خەم بریانم
موشتاقی گرگەی ئەوضای خەزانم
لە دووری وەتەن، جەرگم پڕ خوێنە
**حەمە ڕەحیمی فەرەج** بخوێنە
چل ساڵە دوورم لە خاکی وەتەن
غوربەت بۆ من بوو بە: بەیت الحەزەن
دەردم کاریە، وەتەن داروومە
ئارەزووی سۆزی **ئەستێرەجوومە**

لەو تاکە بەیتەدا کە ناوی **دروێش ئەڵڵاوەیس** لەو شیعرەی سەرەوەدا هاتووە، وردەکاری و ئاماژەیەکی زیرەکانە، لە نزیک خستنەوەی ناوی دەروێش ئەڵڵاوەیس و **نەکیسادا** هەیە، کە وەک دەزانین نەکیسا گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و مۆسیقازانی سەردەمی دەوڵەتی **ساسانی** بووە و ڕۆژگاری دەوڵەتی «ساسانی»ش وەک وتمان ئایینی «زەرتوشت»ی تیا پەیڕەوکراوە، واتە سروودەکانی **گاثا** «گازە، قەتار»ی تیا خوێنراوە، کە مەبەستی «مەجدی»ش لێرەدا و لەو چەندان ناوی گۆرانیبێژەدا، کە لەم شیعرەدا بەسەری کردوونەتەوە، بە تەنیا ناوی دەروێش ئەڵڵاوەیسی لە بەرامبەر نەکیسادا هێناوە، ئەوەیە بڵێ: نەکیسا، دەروێش ئەڵڵاوەیسم بیر دەخاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دروێش ئەڵڵاوەیسیش، ئەو نەکیسایەم بیر



دەخاتەوە، کە سروودی گاثا «گازە، قەتار»ی خوێندووە. شایانی باسە شاعیر کاک حەسیب قەرەداخی (١٩٢٩-١٩٩٧)، لە شیعرێکیدا یادێک لەم دەروێش ئەڵڵاوەیسە دەکات، کە لە **دەشتی** «گەرمیان»دا، **قەتاری** وتووە! وا دیارە هەر هەمان دەروێش ئەڵڵاوەیس بێت و لە ڕۆژگارێکدا چووبێتە **گەرمیان** و لەوێش برەوی بە هەمان **قەتاردا** بێت. بۆیە ئێستاش لەو ناوچانەدا **قەتار** زۆر بەربڵاو و باوە. ئەمەش سەرەتای ئەو شیعرەیە:

دەگێڕنەوە دەورێشێ بوو، خۆفی عەشقی لە دڵا بوو
**قەتار** لە دەشتی گەرمیانا، وەکو سمڵ لەگڵا بوو
**ئەڵڵاوەیسی** زادەی بەهرەی ئەو دەروێشە دڵپاکە بوو
وەکو ئاوی ڕەوانی گیان، تێکەڵاوی ئەم خاکە بوو«(١١١، ٤٠)

بەڵام جێی داخ و مەخابنە کە ئاوازەکانی ئەم سروودگەلەی **گاثا**، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، نادیار و نەپارێزراون(٤٠، ٥). هەرچەندە خاوەنی مێژووی **سیستان**، سروودێکی بەناوی کەرکەوی لە مێژووەکەی خۆیدا یادداشت کردووە، کە گوایە یەکێکە لە سروودە جێماوەکانی **زەرتوشت** و لە ئاتەشکەدەی کەرکەویەی سیستاندا، دەخوێنرێ(١٩، ٧٣-٩١). بەڵام لەناوچوونی شوێنەواری ئەو ئاوازگەلەی **گاثا**، کەلەبەرێکی گەورەی لەبەردەم لێکۆڵینەرەوان و توێژەراندا دروستکردووە، کە نەتوانرێ زانیارییەکی تێروتەسەل و زانستیانە لەسەر مۆسیقا و ئاوازەکانی مۆسیقای ئەو ڕۆژگارە کۆبکرێتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو گرێ کوێرانەی، نەک هەر لەسەر مۆسیقای سەردەمی **زەرتوشت**، بەڵکو لەسەر تێکڕای مۆسیقای دێرینەی گەلانی دنیا، چونکە ئەگەرچی مۆسیقا یەکێکە وەک هەموو زانستەکانی تر، بەڵام بە پێچەوانەی هەموویانەوە مۆسیقا زانستێکی تایبەتە، کە بۆ توێژینەوەی، پێویست بە دەستخستنی **نووسین** دەکات، لە کاتێکدا گەڕان و پشکنین و توێژینەوەی زانستەکانی تر، بەو ڕادەیە پێویستیان بە دەسخستنی نووسین نییە.

چونکە بۆ وێنە: ئەگەر بمانەوێ شتێک لە زانستی ئەندازیاریی و بیناسازیی سەردەمێکی دێرینە بزانین، هەر ئەوەندەی هەندێ کەرەسە و داروپەردووی ئەو سەردەمەمان چنگ بکەوێ، ئیتر دەتوانین زۆر زانیاری لێ هەڵگۆزین، بەڵام وەک وتمان **مۆسیقا** شتێکی تایبەتی ترە و سەرباری ئەمەش، ئەو هێرش و کاولکارییەی بە درێژایی زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ڕابووردوو، بەسەر زەرتوشت و ئایینی زەرتوشت دا، هاتووە، بۆتە مایەی تەفروتوناکردنی هەموو شوێنەوارێکی مۆسیقایی ئەو ڕۆژگارە. لەم بوارەدا تەنیا

ئەوەندە هەیە بلێین: ئامێرە دیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئایینی زەرتوشت بریتی بوون لە: تەنبوور، چەنگ شمشاڵ، عود، چەغانە «جەقەوانە» (١٩، ١١).

جگە لەمانەش، هەر لە بواری بەسەرکردنەوەی ئاوازگەلی سروودەکانی **گاثا** و ئایینی «زەرتوشت»یدا بە خۆشییەوە دەڵێین: ئەوەندەی وەک نموونە و شوێنەواری ئەو ئاوازانە، لەناو کورددا، هێشتا هەندێک لەو ئاوازانە، بەشێک بن لە ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی دێرینە و زیندوو، ئاوازی **هۆرە** و **سیاچەمانەیە**؛ کە بە دڵنیایەوە ناوی **هۆرە**، هەر وەرگیراوی واژەی **ئاهوورای** ناو **هورامەزدایە** و بەوەشدا کە شێوەی وتنەکەی لە قووڵایی ناخ و هەست و بە بڕگە بڕگە **هیجایە**، هەر دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئەو ئاوازانەی بۆ لەنگەرگرتن و هێنانەوەی وەزن «کێش»ی ئاوازەکە، زیاتر لە هەموو شتێک، پشت بە **قوڕگ** دەبەستێ. کە ئەمەش بنەما و بناغەی شێوەکار و پیادەکردنی سروودە بڕگەییە **هیجا**کانی گاثایە، کە ئێستا هۆرە لەناوچەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و زەهاودا و بە تایبەتیش لە ناوچەکانی **کەڵهوڕ**نشینەکاندا، ئەم چەند جۆرەی هەیە:

١- گوڵەخاک. ٢- گڵەوەدەر[1] ٣- بان دەسانی. ٤- شاحوسەینی. ٥- ساروخانی. ٦- جلەوشایی. ٧- تەرز. ٨- مەجنوونی. ٩- سەحەری[2]. ١٠- باریە. ١١- دۆباڵا. ١٢- غەریوی. ١٣- بان بنەیی. ١٤- پایەموووردی، یان پاوەمووری(١٠٨، ١٧، ١٨).

هەروەها **کەڵهوڕیش** ڕەنگە لە **کەڵەئاهوورایی**، واتە لە گۆرانی هەڵبژاردەکانی باسی **ئاهورا** بووبێت(٩٧، ٦٧) بۆیە هەر بە هەمان پێودان، دەڵێین **سیاوچەمانە**ش لە هەمان چاووگی ئەم بابەتە ئاوازگەلەیە، کە لە بۆنە و ئاهەنگی تایبەتیدا ژەندراوە. بۆنەکەش بۆ ئەو لاوە زەرتوشتیانە بوون کە، بەبۆنەی پێنانە (١٥)ساڵییانەوە، بە ئامادەبوونی موبەدان و ئەندامانی خێزان و خزمان و دۆستان، ئاهەنگ و زەماوەندی تایبەتییان بۆ ساز داون.

لەم ئاهەنگ و زەماوەندانەدا، جگە لەوەی کراسی ئاودامانیان لەبەرکردووە[3]، کەرەسەیەکی تریشیان وەک پشتوێن، لە کەمەرە و لەپشت بەستراوە، ناوی «کوشتی» بووە. هەندێ جاریش بەم زەماوەندەیان وتووە: نەوزات، یان نەوزاد، بەو واتایەی کە ئێتر

(١) و (٢) نۆتی مۆسیقایی ئەم دووجۆرە هۆرەیە، لە پاشکۆی ئەم کتێبە دایە.

(٣) هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە لە سازدانی ئەم بۆنەیەدا، هەر باسی لەبەرکردنی کراسی ئاودامان کراوە، کە لە ئایینی زەرتوشتیدا بەمجۆرە کراسانە وتراوە (سیدرە)، نەک کراسی ئاودامانی ڕەنگ ڕەش. ئەم (سیدرە)یەش بریتی بووە لە (٩) پارچە و بێ ملیوان و بێ یەخە. کە بۆ زیاتر ئاگادار بوون لە شێوەی ئەمجۆرە کراسە و چۆنێتی دوورینی و بۆنەی (٩) پارچەیی و زۆر وردەکاریی تریشی، بەدرێژیی، بنوارە: (٥، ٣٢٢-٣٢٤).



ئەو لاوە بە جۆرێکی تر هۆشدەکاتەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات و لە دوای تەمەنی (١٥) ساڵییەوە، سەرلەنوێ ژیان دەست پێدەکاتەوە.

لەم ئاهەنگەدا سفرەیەکی پڕ لەوردە نوقڵ و شیرینی و حەوت جۆر میوە و سنجوو و ماست و لۆرک و مۆم و چرا و شتی بۆنخۆش و ئاگردانێکیش دادەنێن.

ئەو موبەدانەی لەم زەماوەندەدا ئامادە دەبن، بەدەم چڕینی سروودی «ئورمزدیشت»ەوە، ڕێورەسم و پرۆگرامی ئایینی زەرتوشت فێری ئەو لاوە دەکەن و ئەویش پەیماننامەی ئایینی، نوێ دەکاتەوە، کە لە کاتی ئەم ئایین نوێ کردنەوەیەدا، بڕێ وردە نوقڵ و شیرینی سەر سفرەکە، بەسەر سەر و شان و ملی لاوەکەدا دەبارێنن.

ئەم ئاهەنک و زەماوەندە، دەبێ ڕوو بە ڕووناکیی و هەتاو ئەنجام بدرێت، کە دوای ئەنجامدانی سەرومڕی ئەم ڕێوڕەسمە، ئیتر ئەو لاوە دەچێتە لیستی «باڵغ» و پێگەیشتووانەوە و بۆ هەمیشە ئەو «کوشتی»یە لە کەمەردا دەبەسترێت. چونکە لە «وەندیداد - فەرگەردی ١٨، بەندی ٥٤»دا، ئاوا هاتووە:

«دێوی دروج - دێوی درۆ-، بەسروش-ی[4] وت: ئەو ئافرەت و پیاوانە دۆستی منن، کە لەدوای تەمەنی (١٥) ساڵییانەوە «کوشتی»یان نەبەستووە و «سیدرە»یان لەبەر نەکردووە.

دیسان لە «شایست و نەشایست - فەسڵی ٤، بەندی ٩»دا، ئاوا هاتووە:

«ئەو ئافرەت و لاوانەی هێشتا تەمەنیان نەگەیوەتە (١٥) ساڵ، قەیناکە ئەگەر «سیدرە» لەبەر نەکەن و «کوشتی» لە پشت نەبەستن. بەڵام دوای تەمەنی (١٥) ساڵ، ئیتر نابێ هیچ ئافرەت و نێرینەیەکی زەرتوشتی، بەبێ «سیدرە» و «کوشتی» بژین.

لە «نەسەک ١٦٧»شدا دیسانەوە هەمان فرمان دووبارە دەکاتەوە. هەروەها هەمان فرمان لە بەندی (١٣و١٤)، «یەشت»دا، سەڵمێنراوەتەوە(٥، ٥١ و ٣٢٢، ٣٢٤).

***

... لەناو **لەک** و **کەڵهوڕ** و **لووڕدا**، ئەو دێڕە هۆنراوە فۆلکلۆرییە، بە باویی و وەک هونەرێکی مێژوویی دەوترێ و دەوترێتەوە و پتر لەوەش، خۆم بەش بە حاڵی خۆم، لە سەردانەکانمدا بۆ **کرماشان** و **شاە ئاوا** و **ئیلام** و **خوڕەم ئاوا**، بە ئاوازی جۆراوجۆرەوە بیستوومە. دێڕە فۆلکلۆرییەکەش دەڵێ:

(٤) سروش: پارێزەرو پاسەوانی بێدار و ناوی حەڤدەمین ڕۆژی ڕۆژمێری ئاویستایی و زەرتوشتی، (سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦)

## گۆرانی، **هۆره**، **سیاوچەمانە**

### قەدیم یادگار، قەومی کوردانە

لە بواری ناوهێنانی **سیاوچەمانە** و **هۆرە**دا، دەبێ ئەوە بڵێم کە دایکی ئەم دوو ئاوازە ڕەسەنە، **وەک وتمان**، هەر پاشماوەکانی ئاوازگەلی **گاتان**. بەڵام جوگرافیای **سیاوچەمانە**، ناوچەی **هەورامان** و جوگرافیای «هۆرە»ش، ناوچەکانی **کرمانشان** و **لوڕستان** و ئەمبەر و ئەوبەری ڕووباری **سیروان** و **شارەزوورە**.

ئەم نیشانە و بەڵگانە، بۆ ئەوە دەبن ئەگەر مێژووی ڕاستەقینەی لە دایکبوونی **زەرتوشت** و ڕاگەیاندنی ئایینەکەی بزانین، ئەوا دەشتوانین مێژووی بڵاوبوونەوەی سروودی **گاثا «گازە»**، بە سەرەتای مێژووی لە دایکبوونی مۆسیقا و گۆرانی کوردی دیاری بکەین، کە ئەگەر ئەمەش سەخت و دژوار بێت، ئەوا سروودەکانی **گاثا** سەرچاوە ڕوونەکانی مۆسیقا و گۆرانی کوردین. هەرچەندە لەم مێژوو دەستنیشان کردنەدا، دەبێ مێژووی هەردوو شارستانێتی **ئیلام** و **هوری** لەبەرچاو بگیرێن، کە لە شارستانێتی **ئاری** و **مادە**کان کۆنترن.

وەک وتیشمان واژەی **گاثا**، لە ناوەڕۆکدا بە مانای ڕاز و سکاڵا و بانگەوازی سوپاس و ستایشی بە ئاوازەوەی مرۆڤە، بۆ «ئاهورامەزدا». کە زەرتوشت ئەم بانگەواز «گازە» شیعرییەی خۆی، بەئامێری مۆسیقاوە وتووە و بەم ١٧ سرووده شیعرییە بڕگەییەیان وتووە: سروودی گاثا، یان سروودی گازە، کە وەک لە دووتوێی سروودی ژمارە ٣٣ی ئەم ١٧ سروودانە و بەڵگەی زۆری مێژووییدا هاتووە، زەرتوشت خۆی، سروودگۆیەکی ناودەستەی ڕۆحانییەکان بووە. جگەلەوەی، کە لە بەڵگە و پاشماوەی کۆنینەی مێژووییدا هاتووە، موغەکانی زەرتوشت، ئەم سروودانەیان لە ئاتەشکەدەکاندا، بە ئامێری مۆسیقاوە خوێندۆتەوە، بۆیەش پێیان وتراوە: سروود، تا پلەیەکی بەرزتری لە گۆرانی ناو خەڵکی پێ بدەن.

کەواتە وەک لە سەرەتاوە وتمان دەبێ تەمەنی گۆرانی کوردی، زۆر لە پێش واژەی گۆرانییشەوە بێت، چونکە پەیڕەوانی ئەهلی هەق بەو شیعرە «دە» بڕگەییانەی خۆیان، «کە لە جەمخانەکاندا، بەئامێری تەنبوورەوە دەیخوێنن»، دەڵێن: سروودی یارسان، یان ڕاز و ئەوەی کە لە جیاتی سروودیش، بە واژەی گۆرانی بە سەریاندا دابڕاوە، خەڵکانی تری دەرەوەی سنووری پەیڕەوانی ئەهلی هەق، ئەو ناوەیان لەو سروود خوێندنانەی ئەهلی هەق ناوە، ئەگینا خۆیان، بەپێودانی سروودی گاثا و چاولێکەریی، لەو کارەی خواپەرستیی پەیڕەوانی زەرتوشت، کاری تێکەڵکردنی شیعر و مۆسیقاکەی خۆیان ناوناوە: سروودی یارسان.



لە سروودەکانی گاثاشدا وەک وتمان ئەم سروودانە، ڕاز و سوپاسی ڕۆحی مرۆڤە بۆ «ئاهورامەزدا» و وەک لە بەندی ٨ی سروودی ٣٢شدا وشەی زئوتر هاتووە، کە زمانناسان و لێکۆڵەرەوان، وا ڕاڤەی واژەی «زئوتر» دەکەن، کە بە مانای سوپاسگوزار و سروودگۆ – بێت. لە ڕاستیشدا واژەی زئوتر، لە سەردەمی زەرتوشتیش دێرینەترە، چونکە زمانناسان پێیان وایە ئەم واژەیە، هەر هوتری ئایینی ئەو شەپۆلە ئارییانە بێت کە لە پێش هەڵکەوتنی زەرتوشدا، بەرەو هیندستان کۆچیان کردووە و هەر ئەم واژەیە، لە سروودەکانی ڕیگ ڤیدای هیندییەکانیشیدا بەکاربراوە و ئەوانیش ئەم سروودانەی ڕیگ ڤیدایان بە مۆسیقاوە وتۆتەوە(١، ١٠٦).

بەڵام ئەگەر ئەم واژەیە، یان خواستەمەنی تری لەم جۆرە بابەتانە، لە فەرهەنگی ناوچە و گەلان و ئایینی ترەوە، کەوتبێتە ناو فەرهەنگ و ئایینی زەرتوشتەوە، مانای وا نییە بنەمای ئایینەکەشیان وەک یەک بووبێت، بەڵکو بەگوێرەی زانستی کۆمەڵناسی، هەموو گەلان و نەتەوەکانی دنیا، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەریی، لەنێوانیاندا هەیە و هیچ نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە، ناتوانێ لافی ئەوە لێ بدات، کە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرەکەی، خاوێنە و گەلانی دەرودراوسێ، کاریان لەسەر نەکردووە، یان بەپێچەوانەوە. تەنیا ئەوەی لەم بوارەدا پێویستە لەبەر چاو بگیرێ، باری ژیار و شارستانێتی ئەو ناوچانەیە، کە پێشتر و دواتر، بلیمەتێکی وەک «زەرتوشت» یان گۆش و پەروەردە کرد.

لەم باریەشەوە وتمان زەرتوشت، پەروەردەی ناو کۆمەڵگای مادەکانە و و مادەکانیش جگە لەوەی خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بوون، کە زمانی میدیی بووە، بە نووسینی مێخیش نووسراویان هەبووە و خاوەنی یاسای کشتوکاڵ و ئەندازیاریی و کارگێڕیی و سامانی فەرهەنگی ئایینی و ئەدەبیی خۆیان بوون و لەو ڕووەشەوە مێژوونووسان دان بەوە دادەنێن و پێشی لەسەر دادەگرن، کە وڵاتی میدیا، مەڵبەندی خوێندەواریی دینی بووە و لەوێوە، بە سەدان پیری دینی، هەموو ساڵێ بەملاو لای وڵاتدا، بۆ ناوچە جۆر بەجۆرەکان نێردراون(١٠٧، ٣٤). هەروەها دکتۆر پەروێز خانلەری، بە دەمی هیرۆدۆتسەوە وای دەردەخا، کە میدییەکان خاوەنی یاسایەکی ڕێکوپێکی مرۆڤانە بوون و شێوەی دادگەریی، تیایدا ڕەنگی داوەتەوە و بڕیاری داوەرانیش، لە کۆتاییدا براوەتە کۆشکی شا، بە تایبەتی لەسەر و کلاوی شادیاکۆ (٧٠٠ پێش زاییندا)، بۆ ئەوەی بڕیاری دوایی لەسەر بدرێ؛ یان بە دەمی دەنیونەوە وای دەردەخا، کە لە دەوروبەری نیوەی سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، شاعیری زۆری میدی هەبوون و ئەو شاعیرانە، لە کۆشک و دیوەخاندا،

شەڕە شیعریان کردووە، یان شیعریان بە شا و نیشتمان و بە پاڵەوانی جەنگ و پاڵەوانی تیربازی و سوارچاکیدا هەڵداوە و زۆربەی زۆری شیعرەکانیشیان وەک ڕازی میللی وەها بوون و شێوەی سەرگوزشتە و داستانیان هەبووە، تەنانەت مۆرخانەکانی یۆنانی سەردەمی هێردۆتس (٤٢٠-٤٨٦ز) وا بە دەستەوە دەدەن کە میدییەکان نووسینیان بە ئەلف و بێی مێخی بووە. ئەوەی فەرمانی شاکانی هەخامەنشیشی پێ نووسراوەتەوە، لەسەر ئەلفوبێی مێخی میدییەکانەوە دانراوە(١٠٧، ٣٤).

ئەوەندەش پێوەندی بە هونەری مۆسیقای ڕۆژگاری دەسەڵاتی «ماد»ەوە هەبێت، وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، مۆسیقا جێگەیەکی بەڕێز و هێژای هەبووە و لە زۆر بۆنەی ڕەسمیی و میللیدا بەکاربراوە... ئەو کاتەش کە «دیاکۆ»ی یەکەمین پاشای ماد چۆتە سەرتەختی شاهێتی، لەلایەن جەماوەر و مۆسیقاژەنانەوە کراوەتە جەژن و شادی و «کوس» و «شەیپوور»یان ژەندووە...

یان کاتێ کە «فرەوەرتیش»ی پاشای ماد، لە جەنگێکی نابەرامبەردا، بووە بەژێر گالیسکەی ئاشوورەکانەوە، لە ئێراندا کراوە بەپرسە و ئامێرەکانی «کوس» و «شەیپوور» مۆسیقای خەمینیان ژەندووە... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە لەو ڕۆژگارەدا، زمانگۆی پرسە و خەم و شادی، هەر بە مۆسیقا هێمای پێکراوە.

لە مۆسیقاژەنانی بەنامێی ڕۆژگاری ماد، ناوی «ئۆگارس» لە کتێبی مێژوویيدا باسکراوە، دیسان هەر لە کتێبی مێژوویيدا، ئاماژە بە خەونی «ئاستیاک»ی دوایین پاشای مادە کراوە، کە ماوەیەک دوای لێکدانەوەی خەونەکە، دەوڵەتی ماد لەناوچووە.

نووسەر و ئێرانناسی ناسراو: مەری بۆیس بەشێوەیەکی درێژتر لە بارەی ئەم خەونەوە دەنووسێ و دەڵێ: «بەگوێرەی قسەی دەنیۆن، ئاستیاگ بانگهێشتنی «ئۆگارس»ی کردووە و دوای ئەوەی چەند گۆرانییەکی ئاسایی چڕیوە؛ ئەوسا هەر بەدەم موسیقاژەندنەوە، لێکدانەوەیەکی بۆ ئاستیاگ ڕوونکردۆتەوە، کە دڕندەیەکی یەکجار بە دەسەڵات و ئازاتر لە بەرازێکی کێویی و گیرخواردووی ناو ئەستێڵێکی قووڵ پەیدا بووە؛ دڕندەیەکە، کە ئەگەر دەستی بەسەر ئەم ناوچەیەدا بڕوات، بەبێ هیچ گومانێک، پۆل پۆل ئەم خەڵکە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە»... کاتێکیش ئاستیاک دەپرسێت: «ئەو دڕندەیە چییە؟» ئۆگارس وەڵام دەداتەوە: «کۆرشی پارس»یە.

ئەمجۆرە وەڵامدانەوە ئازایانەیە، کە بەو ئاماژە سیاسییانەوە کردوویەتی و لە هەمان کاتیشدا نیشانەی ئەو پلەوپایە مەزنەیە، کە گۆرانیبێژان و مۆسیقاژەنان لە دەربارەی «ماد»دا هەیان بووە... لە سەروو ئەمانەشەوە بەڵگەی ئەوەیە، کە مۆسیقاژەنان جگە لە



ئاگاداربوونیان لە زانستی مۆسیقا، ئاگاداریی و زانیارییان دەربارەی سەرجەمی زانستەکانی تر و بە تایبەتیش زانستی ئەستێرەناسیی هەبووە» (٢٥، ٥٠).

جگە لەمانەش، بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ناوچەکانی ماد، لە پێش هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە، لەژێر کارتێکردنی شارستانێتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و عیلامی و ئاشووری دا بوون. کە شارستانێتی ئەمانەش لە ڕۆژگاری خۆیاندا، بەتایبەتیش ئەوەندەی پێوەندی بەمەبەستی ئێمەوە هەبێت، ئەمانە، لە بواری مۆسیقادا، لە لوتکەی شارستانێتی سەرتاسەری دنیادا بوون. کە هەر بۆ ئاگاداری زیاترمان، ئاوڕێکی خێرا، لەم لایەنەیان: «لایەنی مۆسیقا» دەدەینەوە:

بابلییەکان کەدراوسێی نزیک و بەری باشووری خۆرئاوای میدییەکانن و «گەلێ جاریش هەردووکیان، لە دژی ئاشووری دوژمنی هەردوولایان، پەیماننامەی دوو قۆڵییان بۆ یارمەتی و هاوکاری کردنی یەکتر هەیە و ئاکامیش هەر بەگوێرەی پەیماننامەیەکی هەردوولایان، پەلاماری ئاشووریان دا و لەناویان برد» مێژووی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتیان، لە ٢٢٢٥ تا ٧٤٥ی پێش زایینە، لەنێوان سەدەی حەوتەم و هەشتەمی پێش زاییندا، بە لوتکەی پێشکەوتن و شارستانێتی و دارایی گەیشتوون و یەکجاریش دڵبەندی مۆسیقا بوون و ئامێرگەلێکی زۆری مۆسیقایان بەکاربردووە، بە تایبەتیش لەنێوان دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانیاندا، وەک هونەرێکی پڕ بایەخ و بەرز، بۆ ڕێزلێنان لە میوانداریێتی و کاروباری تەشریفاتیدا، نواندوویانە؛ هەندێ جاریش ژمارەی مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژانیان، تا نزیکەی (١٥٠) کەس گەیشتووە، کە ئەم ژمارەیە لە کۆڕی شادی و بۆنەدا، بەشدارییان کردووە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دانیال پێغەمبەردا، چەندان جار باسی ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە دووپات دەبێتەوە، کە لەناو بابلییەکاندا کەڵکیان لێ وەرگرتوون(٤٠، ٥٢) و بریتی بوون لە: چەنگ سەنتوور و قانون(٤٠، ١٠٤). مێژوونووسانی یۆنانیش، لەم بارەیەوە هاوبیرن کە مۆسیقا، لە کەرەسە گرنگ و پێویستیەکانی دانیشتن و کۆڕەکانی شادی و ئاهەنگی بە شکۆی خەڵکی بابل بووە(٤٠، ١١٦). لە تەوراتیشدا، ناوی ئەو ئامێری مۆسیقاییانە باسکراوە کە لە دەرباری بابلیدا ژەندراون و بریتی بوون لە: کەڕەنای، سوورنای «زوڕنا»، عوود، بەربەت، سەنتوور، کەمانچە. وەک لە تەرجەمەی فارسی تەوراتدا هاتووە «کە لەگەڵ تەرجەمەکانی تردا، هەندێ جیاوازی هەیە» (٤٠، ٥٣-١٢٩). گەلانی دراوسێشیان، واتە: ئاشووری و ئیلامی و سۆمەری، لە بابلییەکان کەمتر نەبوون(٤٠، ٥٤).

ئاشوورییەکانیش، کە شوێنی دەسەڵات و فەرمانڕەواییان، لەبەری خۆرئاوای میدی و لە جوگرافیای ئێستای کوردستانی عێراق و هاوسەردەمی بابلی بوون، دەتوانین بڵێین هەمان ئەو ئامێری مۆسیقایانەیان بەکارهێناوە کە بابلییەکان هەیان بووە.

بە تایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان هەردوو زێی دیجلە و فوراتدا، کۆمەڵێک کەلاوە و شوێنەواری هەڵکۆڵراویان، ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەمانیش ئامێری پێشکەوتوویان هەبووە، وەک: چەنگ، سەنتوور، تەنبوور، شمشاڵ، دووناى، قانون، دایەرە.

لەبەری خۆرهەڵاتی بابلییەکانیشەوە، دەسەڵات و فرمانڕەوایی سۆزیانا هەبوون، کە لە شوێنی ئێستای خوزستان و ئەو شوێنەدا بوون کە جوولەکەکان پێیان وتووە ئیلام و (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین، حکوومەتیان پێکەوەناوە و سنووریان لە خۆرهەڵاتەوە تا ئەسفەهانی ئێستا بووە و پایتەختەکەشیان شاری شوش بووە، ئەمانیش وەک دراوسێکانی خۆیان، خاوەنی شارستانێتی و ژیار و هونەری مۆسیقایی زۆر باڵا بوون.

لە کەلاوە پشکێنراوەکانی ئاشوریدا، تیپێکی مۆسیقاژەنان دۆزراوەتەوە، کە ئامێری هەمەجۆرەی مۆسیقاییان بە دەستەوە گرتووە، وەک: **شمشاڵ، دووناى**، چەند چەنگ ژەنێک و هەندێ ئامێری تری نزیک بە سەنتوور. (٤٠، ٥٤).

لە کتێبەکەی **«دانیال»**دا، سەرباری ئەو ئامێرانەی دراونەتە پاڵ بابلی؛ بەڵام ڕاولینسۆن بە پشتیوانی و پشت بەستن بەو بەردە هەڵکۆڵراوانەی لە شوێنەوار و کەلاوەکانی ئاشووردا، دۆزراونەتەوە، توێژینەوەیەکی دەربارەیان کردووە، ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە، تایبەتن بە خەڵکی **سۆزیانا**وە.

لە کەلاوە دێرینەکانی «شوش»یشدا، سێ پەیکەری گڵێن دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان بە (١٥٠٠) ساڵ زیاتریش دەقەبڵێنرێ. دوو پەیکەریان وێنەی مۆسیقاژەنەکانیان لە ئامێری **تەنبوور** دەچن و سێیەمیشیان لە **بەربەت ژەن** دەچێ. بەڵام وردبوونەوە لەم پەیکەرانە، نەک هەر سەرنج بۆ ئەوە دەچێ، کە جوان دروستکراون، بەڵکو بۆ شێوەی مۆسیقاژەندنەکەیان، زیاتر ڕادەکێشرێ. ئەم سێ پەیکەرە، ئێستا لە مۆزەی **ایران باستان**، لە تاران، پارێزراون(٤٠، ٧).

مێژوونووسانی مۆسیقای جیهان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە مۆسیقاژەنانی بابلی و ئاشووری، لە کاتی مۆسیقاژەندندا، بۆ ڕێزلێنان لە مۆسیقاکەی خۆیان و ڕێزلێنانیش لەو کۆڕ و ئاهەنگانە، هەموویان بەپێوە وەستاون(٤٠، ١٠٦).

هەر بۆ نموونەی ئەو بەڵگانەی ئێمە مەبەستمانە، ساڵی ١٩٢٧ز «لە ناوچەی [ئوور]ی





تیپێکی مۆسیقایی ئاشووری لە بەردێکی هەڵکۆڵراودا
٦٢٧ ـ ٦٦٨ پێش زایین



چەنگ ژەنێکی «جۆرە چەنگێک»ی سەردەمی ئاشوور